كۆمەڵێك ڕیپۆرتاژو ئاخاوتنە بۆ ناساندنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری ئەو دەڤەرە

# بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە وڵاتی سلێمانی



ئامادەکردنی:
سەردار فەتاح ئەمین

سلێمانی
٢٠٠٢

# بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە وڵاتی سلێمانی

کۆمەڵێك ڕیپۆرتاژ و ئاخاوتنە بۆ ناساندنی

بزوتنەوەی ڕۆشنبیری ئەو دەڤەرە

ئامادەکردنی:

سەردار فەتاح ئەمین

سلێمانی

2002

ناوی کتێب: بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە وڵاتی سلێمانی

ناوی نووسەر: سەردار فەتاح ئەمین

مونتاژ: خاتوو ڕزگار حەمە صالح

چاپ: چاپخانەی بەدرخان

سلێمانی– دووەم چاپ /٢٠٠٢

ژمارەی سپاردن: (٥٢)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

تیراژ: ٣٠٠دانە

e-mail.sardaramin@hotmail.com

# بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە وڵاتی سلێمانی

خوێنەرانی ئازیز و خۆشەویست:

ڕەنگە ناونیشانی ئەم نامیلکەیەتان، بەلاوە سەیر بێت و بە جۆرە ناوچەگەرییەک لە قەڵەم بدرێت، بەڵام خۆشەویستیم بۆ شارەکەم، هەموو هەنگاوە گەش و جوانەکانی گەورە دەبینم و حەزم دەکرد بمتوانیایە، بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە ناوچەکانی هەولێر و بادینانیشدا بەسەر بکەمەوە، ئەوە دەهێڵمەوە بۆ برادەرانی ئەوێ.

بێگومان بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە سلێمانیدا تەنها، ئەو چەند دامودەزگایە ناگرێتەوە کە من ڕیپۆرتاجم لەسەر کردوون، گەلێک دەزگا و ناوەندی ڕۆشنبیری و کلتوری تر هەن کە شایانی ئەوەن بەسەر بکرێنەوە، بەڵکو ئەم دەزگایانەی لە دوو تویی ئەم نامیلکەیەدان، مشتێکن نموونەی خەروارێکن هیوادارم لە ئایندەدا، لە سایەی یەکگرتنی حکومەتێکی یەکگرتووی هەردوو دەڤەرەکەدا، بتوانرێت ڕووی گەشی هەموو دامودەزگا ڕۆشنبیری و کلتوریەکانی هەرێم تیشکی زیاتریان بخرێتە سەروو لە دەرەوە و لە ناوەوەی وڵاتیش لایەنە گەش و جوانەکانی گەلەکەمان زیاتر ڕوومان گەش بکاتەوە و شانازیان پێوە بکەین.

ماوەتەوە ئەوە بڵێم ئەم ڕیپۆرتاجانەم بۆ ئەوە ئامادە نەکردبوو لە دووتوێی ئەم بەرگەدا بڵاوببنەوە، بەڵکو بۆ ڕۆژنامەی (پەیام)م ئامادە کردبوو، بەداخەوە تەنها دوو ڕیپۆرتاجیان لەوێدا بڵاوکردنەوەیان بە نسیب بوو، یەکێکی تریان لە بڵاوکراوەی بێواردا بڵاوبووەوە و لەبەر وەستانی پەیام ڕیپۆرتاجەکانی تر بڵاونەبوونەوە. منیش حەزم کرد بەم کارانەم لە دوو توێی ئەم بەرگەدا بڵاویان بکەمەوە؛ هیوادارم ڕووی مەجلیسیان هەبێت.

## چاوپێکەوتنێك لەگەڵ كاك سدیق ساڵح ئەحمەد كارمەندی ئەرشیفی نەتەوەیی كوردستان لە شاری سلێمانی

ماوەیەکە لە شاری سلێمانی، بە هەوڵ و كۆششی دڵسۆزان ئەرشیفی نەتەوەیی كوردستان سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی كوردستان دروست بووە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئیش و كارەكانی ئەم دامەزراوەوە بزانین بەڕێز كاك سدیق ساڵح ئەحمەد كارمەندی ئەم ئەرشیفەمان بەسەركردەوە وئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵدا سازكرد.

پ: كاك سدیق حەزدەكەین لە بارەی دروست بوون و چۆنێتی كاركردنی ئەم ئەرشیفەوە هەندێ زانیاریمان پێ بڵێت و چۆن بیر لەوە كرایەوە شوێنێكی وا دروست بكرێت؟

سدیق ساڵح ئەحمەد: هەقە پێشەكی باسی ئەو هەوڵانە بكەین كە پێشتر دراون بۆ بنیاتنانی ئەرشیفی نەتەوەیی لە كوردستاندا، لە ڕاستیدا هۆشیاری پاراستنی بەڵگەنامە لە ناو كوردا كزبووە، كورد میللەتێك بووە لە نوسینەوەی مێژوو دووربووە، هەندێ كەس یان هەندێ هەوڵ هەیە، كە لە سنووری تاكە كەس و دیاری كراودا بووە، بۆ نموونە

## بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە وڵاتی سلێمانی

یەکێکی وەك خوالێخۆش بوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، گرنگی‌یەکی زۆری بە بەڵگەنامە و دەستنووس و بەرهەمی کۆن داوە. هەرچی چۆنێك بێت ڕاستە ئێستە ئەرشیفێکی گەورە هەیە، بەڵام لە سنوورێکی دیاری کراودا بووە، خەڵکانی تر هەبوون و لە دوای سالآنی هەفتاوە وورده وورده ئەو هۆشیاری‌یە، زیاتر پەرەی سەند، لەڕووی ویژدانەوە دەبێت بۆ مێژوو هەوڵەکانی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف وەکو هەوڵێکی مەیدانی بەرچاو پشت گوێ نەخەین و لە ساڵی ١٩٨٠ ەوە، هەستی بە گرنگی ئەم مەسەلەیە کردووە و بایەخی بە گرنگی ئەم لایەنە داوە. بە شێوەیەکی ناڕەسمی هەوڵێکی گەورەی داوە و پەیوەندی کردووە بە فەرمانگە حکومی‌یەکانەوە، کۆمەڵێك خەڵکی پەیدا کردووە، کە نرخی بەڵگەنامەکان بزانن، و پەیوەندی کردووە بە زۆریەی ئەو بنەماڵانەی بەڵگەنامەیان لا پارێزراوەوە و کاریان تێ بکات نەیان فەوتێنن و بەڵگەنامەکانیان لا بەنرخ تر بێت.

ئەوەندەی من ئاگادار بم مامۆستا ڕەقیب پێش ڕاپەڕینیش، هەوڵی داوە جەردی بەڵگەنامەکان بکات و پەیوەندی کردوو بە فەرمانگەی (الحفظ والوثائق)، هەر لەو کاتەوە هەوڵی داوە بەشی بەڵگەنامە پاراستن لە کوردستاندا بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە وەکو سیاسەتێکی ناوەندی حکومەتی عێراقی هیچ مەبەستیان نەبووە، لەبەر ئەوە ئەو پرۆژەیە سەری نەگرتووە. دوا جار لە ئەنجامی هەوڵی بێ پسانەوەی خۆی لە ئیدارەمحلی شاری سلێمانی، قەناعەتی بە پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانی کردووە، کە لیژنەیەك بۆ پاراستنی ئەوراقەکانی دائرەکان دابنێت. ئەو لیژنەیە هەندێ ئیشی نیوەناچڵیان کردووە بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەندامەکانی خەڵی ئەشارەزا و کارا نەبوون، بۆیە کارەکەیان لە سنورێکی بەر تەسکدا ماوەتەوە و بە ئەنجام نەگەیشتووە. لەگەڵ ئەوەشدا توانیوێتی لەو فەرمانگانەدا هەندێ کادری دڵسۆز پێبگەیەنێت. لە هەمان کاتدا هەر بەڕێگەی نامەی تایبەتی توانیوێتی کار بکاتە سەر ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی هەولێر و بادینان بۆ ئەوەی ناوەندێکی بەڵگەنامە پاراستن

بکەنەوە و لە ڕانیەش هەر ناوەندێکی لەو جۆرە دامەزراوە. دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو کاتەی کە بەڕێزان کاك شێرکۆ بێکەس و مامۆستا جەمال عەبدول وەزیری ڕۆشنبیری بوون، زۆر هەوڵی دا بۆ ئەوەی کاریان تێ بکات بۆ دامەزراندنی ئەرشیفێکی نەتەوەیی و ناوەندێکی پاراستنی بەڵگەنامە، ئەو هەوڵانەی ئەو کاتە ئاگادار نیم تا چەند ئیشیان بۆ کراوە، بەڵام بە هەوڵێکی ئیجابی بۆ مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف لە قەڵەم دەدرێت.

لە ساڵی ١٩٩٧ یشەوە ڕۆشنبیری ناسراوی کورد مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت، کە هاتەوە بۆ کوردستان بیری دامەزراندنی ئەرشیفی نەتەوەیی لای بەڕێزان مام جەلال و کاك کۆسرەت ڕەسوڵ خستە بەرچاو و ئەوانیش بیرۆکەکەیان پێ باش بوو، ڕازیبوون لەسەر ئەوەی ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان دابمەزرێت. لە ئابی ١٩٩٧ دا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دامەزراندنی ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان دا.

ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان لە سەرەتادا دەستەیەکی باڵای بۆ دروست بوو، وەزیری ڕۆشنبیری سەرۆکایەتی ئەو دەستەیە دەکات. لە سەرەتاوە: بەڕێزان خەلات عومەر و درەخشان خانی شێخ جەلال لەو دەستەیەدا بوون، پاش ماوەیەك هەردووکیان کشانەوە، ئێستا دەستەکە بریتین لە بەڕێزان مامۆستا عەبدوالرەقیب یوسف، ڕەفیق سالح، فەرید ئەسەسەرد، ئەوزاد عەلی ئەحمەد، حەمە فەرەج مەعرووف و بەندە(سدیق سالح).

سەرەتای دەست بەکاربوونی ئەرشیفی نەتەوەیی لەسەر ئەو (٩٠ ، ٩٥) فەردە ئەوراقە بوون کە مامۆستا عەبدوالرەقیب لە پێش ڕاپەڕین دا ڕزگاری کردبوون. بریتی بوو لە ئەوراقی دادگای سلێمانی، یەکەم جار ئیش لەوەدا کرا و پاشان توانرا، لەو ماوەیەدا پەیوەندی بە زۆر لە فەرمانگەکانی حکومەتەوە بکرێت و ئەوراقی زۆر دائیرە هێنرا، وەك شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانی، ئیدارە محەلی، کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار و تاسڵوجە و ئەوراقی هەندێ دائیرەی تر.

## بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە وڵاتی سلێمانی

ئەم بینایەی ئێستا کاری تێدا دەکەین، لەسەرەتادا بریتی بوو لە ژێرزەمینی مۆزەخانەی سلێمانی، خۆشبەختانە ئەو ڕێکخراوەی خاتوو کارین مۆرفدۆخ سەرۆکایەتی دەکات کۆمەك و یارمەتی پێشکەس کردین و تا ئێستا بە دووجار پارەی بۆ کۆمەکی ئەرشیفی نەتەوەی ناردۆتەوە. هەر لەم ژێرزەمینە شوێنی تایبەتی و ژووری ئیدارە و ژووری کۆمپیوتەر و ژووری فەرزکردنی ئەوراق و هۆڵی پاراستنی بەڵگەنامەکان ژمارەیەکی زۆر دۆلاب و و کەرەسەی پێویستیان بۆ کڕیووین. بە نیازن هەمیشە هاوکاریمان بکەن و زۆر لەو کەرەسە و ئامێرانەی پێویستی ئەرشیفن بۆمان دابین بکەن.

<u>کارەکانی ئەرشیفی نەتەوەیی:</u>

بەڕاستی ئێمە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندمان هەیە، جگە لە ئەوراقی دائیرەکان، کە تا ئێستاش ئێمە خەریکی فەرزکردن و جیاکردنەوەیانین، ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەی گرنگی مێژوویمان لایە، لەوانە بەڵگەنامەی خانەوادە ناودارەکانی سلێمانی، لەوانە بەڵگەنامەکانی بنەماڵەی ڕەمزی مەلا مارف، کە بە نرخێکی زۆر ڕەمزی فرۆشتوویانە بە ئەرشیفی نەتەوەیی، هەروەها ئەرشیفێکی پولمان هەیە، کە پولی سەردەمی حکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی حەفیدمان لە لا پارێزراوە. بەشێکی ئەرشیفەکەمان بریتی‌یە لە ئەرشیفی نەخشە و ئەتڵەس و وێنە، توانیومانە تا ئێستا بەشێکی باش وێنەی کۆن و مێژوویی کۆبکەینەوە، بەشێکی تر بریتی‌یە لە ئەرشیفی مۆر و چونێتی مۆر هەڵکەندن، دیارە ئەم شێوەیەش بایەخێکی گرنگی مێژوویی هەیە.

بەداخەوە شێوەیی ئیشکردنمان تا ئێستا سەرەتایی‌یە. شێوەی ئیشکردنمان سەرەتا ئەو ئەوراقانەی نرخێکی بەڵگەنامەییان هەیە، جیایان دەکەینەوە لەوانەی پێوستمان نی‌یە و دەنێردرێن بۆ لە ناوبردن. بەداخەوە لە ئەرشیفکردندا ئامێری پێشکەوتووی وەك مایکرۆفلیم و مایکۆفیش و کۆمپیوتەر و سکانەرمان نی‌یە. تا بتوانین زۆر لەو بەڵگانە بپارێزین و وێنەیان لەبەر بگرینەوە. لە هەمان کاتدا، ساڵانێکی درێژە کادر و پسپۆری کورد لە بواری ئەرشیف سازی‌دا پەروەردە نەکراون و نیمانە. لەبەر ئەوە سەیردەکەین

ئەو زانیارانەی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لێرەدا کار دەکەن، شێوەیەکی زانستی لەخۆ ناگرێت. تەنها جۆرێکە لە عەشق و خۆشەویستی بۆ ئەرشیف و بەڵگەنامە نەتەوەییەکانی مێژووی میللەتەکەمان و جۆرە مەراقێکە و بایەخێکمان هەیە بۆ بەڵگەنامەی کوردی و سەرەتایەکە بۆ ئەو هەنگاوە.

بە داخەوە لە کارکردنماندا کادر و پسپۆڕ و جۆرێك لە پۆلین کردن و شێوەی ژمارە لێدان و بە ڕەمزکردنی بەڵگەکانمان نییە. بە گوێرەی توانای خۆمان، پەیوەندیمان کردووە بە زۆر جێگەی وەك بەغدا و شوێنانی تری دەرەوەی کوردستانەوە، تا ئێستا کەسێکی وا نەبووە، بە دەنگمانەوە بێت ئەو داخوازیانەمان بۆ جێبەجێ بکات.

ئەوەندەی ئێمە بۆخۆمان کارمان لە بەڵگەنامەکاندا کردووە و دەتوانین بڵێین ئەرشیفی کورد زۆر دەوڵەمەندە، لەبەر ئەوەی کورد لێکۆڵەرەوە و توێژەرەوەی کەمە یان هەر نیمانە، ڕەنگە خەڵکێکی زۆر بە هەبوونی دەزگایەکی وەك ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان نەزانن. لەو ئەرشیفە نایابانەی چنگ ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان کەوتوون، ئەرشیفە زۆر دەوڵەمەندانەکەی حیزبی شیوعی عێراقییە و ئێستا لەبەر دەستماندایە و کاری تێدا دەکەین. بێجگە لەوانە بەڵگەنامەی قۆناغە جیاجیاکانی ئەو سەردەمانەی دوای دروست بوونی حکومەتی عێراقیمان لایە.

پ: ئێمە کۆمەڵێك نووسەری چالاك و دیارمان هەبووە، هەر لە سەرەتاوە، پێش هەبوون و دروست بوونی ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان، لە لای خۆیانەوە گرنگیان بەم بابەتە گرنگە داوە و ئیشیان کردووە، ئێوە هەوڵتان نەداوە ئەو نووسەرانە لێتان نزیك ببنەوە و هاوکاریتان بکەن و هەم ئێوە هەم ئەوان سوود لەیەکتر وەربگرن..؟

سدیق سالح ئەحمەد: لە ڕاستی دا ڕەنگە هەوڵدرا بێت، بەڵام هەوڵەکان سنووردار بووە، بەداخەوە لە ئەرشیفدا ئێمە دەستەڵاتی مادیمان زۆر کزە. ئەو هاوکاری و کارانەش هەمووی ڕووکاری مادی کار ئاسانی بۆ ئەرشیف دابین دەکات.زۆربەی کارەکان

بە پارە دەکرێت. ئیش کردنی نووسەرانیش لەگەڵماندا، ئەمڕۆ لەبەرامبەر ماندووبوونەکەیاندا، ئەگەر پاڵپشتێکی مادی نەبێت، زۆر زەحمەتە. بۆ نموونە لەبەر باری گران و نەبوونی نووسەران و کارەساتە ئابوورییەکانی ناوچەکە، هەرچەندە کەمەکێ هەوڵدراوە، بەڵام هەوڵەکان سنووردار بووە، خەڵکانێکی زۆر کەمیش هەن بایەخ بەم لایەنەی ڕۆشنبیری دابێت. ئەم بوارە بوارێکی قورس و گەڕان و پشکنین و ماندووبوونێکی دەروێشانەی دەوێت. زۆربەی نووسەرانی کوردیش ئامادە نین بێن لە ژێرزەمینێکی وەك ئێرەدا کار بکەن و نەخوازەڵا نەتوانرێت لەڕووی مادیشەوە کۆمەکیان بکرێت.

پ: ئەی بە شێوەی دائیرەیەکی ڕەسمی ناتوانن، هەندێك لەو کەسانەی گرنگیان بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە، وەك کارمەندی تایبەتی دابمەزرێنرێن..؟

سدیق سالح ئەحمەد: بەڵێ ئێستا ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان، فەرمانگەیەکی ڕەسمی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە و کۆمەڵێك کارمەند و فەرمانبەری خۆی هەیە، بەڵام بەداخەوە، ئەوانە تەنها فەرمانبەرن و کەسانی پسپۆڕ و شارەزای ئەم بوارەیان تێدا نییە و تەنانەت وەك هیوایەتیش ئاوڕ لە کارەکانی ئەم ئەرشیفە نادەنەوە.

پ: ئەم ڕۆژان خەریکی ساغکردنەوەی چ ئەوراقێکی گرنگن...؟

سدیق سالح ئەحمەد: وەکو باسمان کرد، تا ئێستا ئەوراقی دادگای سلێمانی و شارەوانییەکان و ئەشغالمان پشکنیوە. وا ئێستا بۆ ئەوەی یەك چاو بینەوە لەوەی کۆمەڵێك ئەوراقمان هەیە، هی ئەو فەرمانگانە کە بەکەڵك نایەن، دەبێت لە ناویان ببەین، چونکە ڕێگەمان لێدەگرێت. جارێکی تر بەوانەدا دەچینەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر بەڵگە

نامەیەکیش بەسەرماندا تێپەڕ بوو بێت، دەریسان بهێنینەوە و بۆ دواجار پیایاندا دەچینەوە.

پ: چ لایەن یان جۆرێك لەو بەڵگەنامانە بەلای ئێوەوە گرنگ یان سوودبەخشن، چ پێوانەیەکتان هەیە بۆ بەنرخی و سوودمەندی بەڵگەنامە یان کەم بایەخیان..؟؟

سدیق سالح ئەحمەد: خۆی ئەرشیف ئەو بەڵگەنامانەی کە تێیدایە، هەمووی بەرهەمی مێژووە. هی ساڵێك لەمەوبەریش شتی تێدایە، ئیتر ٤٠ ساڵ ، ٧٠ ساڵ ....هتد هەمووی بایەخی مێژوویی خۆی هەیە، بۆ لێکۆلینەوە لە هەموو ڕوویەکەوە. دەتوانین لەو بەڵگەنامانەی لەلامانە لێکۆڵینەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و ئیداریان لەسەر بکەین و لە زۆر ڕووی ترەوە سوود لەو بەڵگەنامانە دەبینرێت لەسەریان بنوسرێت.

کاری ئێمە ئێستە تەنها جیاکردنەوەی بەڵگەنامەکانە و بۆ لێکۆڵینەوە دەبێت خەلکانێکی پسپۆڕی بواری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیان. کاری ئێستەی ئێمە بە پێی تێگەیشتنی شارەزایی خۆمان، جیاکردنەوەی بەڵگەنامەکانە، بەپێی بابەتی سەرەکی بۆ نموونە: بەڵگەنامەکانی دادگای سلێمانی، بە پێی یاسا و تەعمیمەکانی، خانەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە. زۆر جار حاکمی عەسکەری دەستەڵاتی سیاسی هەبووە، ئەو بەڵگانە بە جیا دانراوە، حیزبەکان خانەی تایبەتیان بۆ دانراوە، هەروەها زۆر جار بڕیاری حکومەت بۆ نموونە متصرفیەت جیاکراوەتەوە، ئیتر هەموو ڕۆژێك ئێمە پێویستمان بەوە دەبێت، کلیلی پۆلین کردنی ئەم بەڵگەنامانەمان لا بێت.

ئێستا دەستمان بە جیاکردنەوە کردووە و هەنگاومان بۆ هەڵهێناوە، جۆرێك لە پۆلینکردنمان بۆ هەڵبژاردووە، بە سەلیقەی خۆمان وەك چۆن کتێب پۆلین دەکرێت، وەرمان گرتووە و هەندێك دەسکاریمان کردووە. ڕەنگە هەر بە دڵی خۆمان بێت.

## بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە وڵاتی سلێمانی

چونکە ئەم ئەرشیفە لە دوا ڕۆژدا قابیلی ئەوەیە، هەزار بەڵگەنامەی تری تێداکۆبێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت جۆرێك لە پۆلێنکردنی زانستی دابنێین تا بەکەڵك بێت تا سەر. نابێت لە نیوەی ئیشەکەدا یان لە کۆتاییدا هەمووی تێك بدەینەوە. دەبێت پۆلێنێك دابنێین تایبەت بێت بەکارەکە. بەداخەوە ئەو بەڵگەنامانەی، کە لە دائیرەکانەوە، دەیهێنن بۆ ئەرشیف، هەمووی هەڵبژێراوە و زۆربەی کات لە ژێر زەمین و شوێنی شێداردا دایدەنێن. بە زۆری مێروو سیسرك، تەنانەت مشکی تۆپیویش لە بەینەکانیاندایە، لە حاڵێکی زۆر تێکەڵ و پێکەڵدا و هەڵڕێژراودا دێتە بەردەستی ئێمە، بە نوقسانی لێیان فەوتاوە و ڕزیوە، کارەکەی ئێمە ئاسان نییە وەك بەڵگەنامەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو نییە، بە گوێرەی زنجیرەی مێژوویی و بابەت بێتە بەردەستت لە ناو دۆسیە و فایلی تایبەتی خۆیدا بێت و لێیان وەربگیرێت. بێگومان ئیشی ئەوان زۆر ئاسانە و ئەوەی ئێمە زۆر زەحمەتە. جگە لەوەش ئەوان بە گوێرەی مەنهەج و ئەو بابەتانەیان بە شێوەیەکی زانستی خوێندووە، ئینجا کاری تێدا دەکەن.

تا ئەو ڕۆژەی کلیلێکی زانستی تەواو و پۆلێنکردنی گونجاوی ژمارەدانانی بەڵگەنامەمان دەست دەکەوێت، کارەوکەمان هەروا بە ساکاری دەمێنێتەوە داواکارین لەوانەی پسپۆڕیان لەم کارەدا هەیە، زانیاریمان پێ بدەن.

پ: چەند کارمەند لێرە کاردەکەن، ئایا ئیشەکانتان بە گوێرەی تایبەتمەندێتی دابەش کردووە و هەر کەسەتان بەرپرسیارن لە بەشێك، یان هەمووتان چۆن هاتە پێشەوە ئیشەکان ڕادەپەڕێنن...؟

سدیق ساڵح ئەحمەد: نزیکەی ١٠ کارمەند لێرە کار دەکەن، دووانیان بە کاروباری ئیدارییەوە خەریکن، ئیشی ئیداری بەشێکی ئەرشیفەکە ڕادەپەڕێنن، بریتین لەو کتێبانەی بایەخی مێژوویان هەیە، چ تازە و چ کۆن لێرە پارێزراون. بەشێکی تریش بریتین لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان، کە لەم ئەرشیفەدا دەپارێزرێن. هەشت کارمەندەکەی

تریش بە ئیشی فەرز و جیاکردنەوە خەریکین، بەپێی شارەزایی و سەلیقەی خۆمان. لە ناو ئەو کارمەندانەدا دووان سیانێکیان، شارەزاترن لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی باشتر دەزانن، زۆربەی بەڵگەنامەکان عەرەبین، پێویستیان بە کارمەندی رۆشنبیر و عەرەبی زانە. ئەوانی تر زۆربەیان فەرمانبەری تازە دامەزراون و بەکاری وەزیفی لێرەن و بە خواست ویستی خۆیان لێرە دانەمەزراون و هەواداری مەسەلەی ئەرشیف نین و بایەخی تایبەتیان بۆ بەڵگەنامەی کوردی نییە.

پ: ئێوە هەوڵتان نەداوە پردێک لە نێوان خۆتان و کوردانی دەرەوەی کە گرنگی بەم بوارە دەدەن، دروست بکەن، تا ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان شێوەیەکی زانستی وەربگرێت، داواکاریتان چییە لەم ڕووەوە..؟

سدیق ساڵح ئەحمەد: ڕەنگە هەوڵ درابێت، بەڵام هەوڵەکان کەم و کورت و شەخسی بوون، ئێمە ناونیشانی ئەو دامودەزگایانەمان لانییە. کێشەیەکی گەورەی ئەمڕۆی کوردستان کێشەی نەبوونی پۆست و پەیوەندی کردنە و نەبوونی کەناڵێکە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانین پەل بۆ ئەو لایەنانە بهاوین.

وەک ووتم هەوڵی تاکەکەسی دراوە و پەیوەندی بەزۆر کەسەوە کراوە، ناونیشانی ئەو دەزگایانەمان بدەنێ، کە هەمان بایەخیان بۆ کاری ئەرشیفی هەیە و هەمان کاری ئێمەیان هەیە، بەداخەوە هەوڵەکان وەک پێویست نین. لەبەر ئەوە داواکارین لەو کەسانەی کە لە ئەرشیفەکانی دەرەوەی کوردستان کاردەکەن، یان کەسانێکیان لێ دەناسن، بە دەنگمانەوە بێن و بابەت و زانیاری نوێمان بۆ بنێرن و بەسەرمان بکەنەوە. یان بە لایەنی کەمەوە ناونیشانی ئەو شوێنە گرنگ و دەزگایانەی لەم بوارەدا کار دەکەن بۆمان ڕەوانە بکەن یان کێشە و دژوارییەکانی ئێمەیان پێ بگەیەنن، کێشەکانی ئێمە بریتین لە نەبوونی جۆرێک ڕێنوێنی ئەو بەرنامانەی پۆلینی بەڵگەنامەی لەسەر دەکرێت. پۆلینکردنی بەڵگەنامە و ئەرشیف جیاوازە لە پۆلێنکردنی کتێبخانە.

ئەو بەڵگەنامانەی دێنە لای ئێمە هەمووی هەڵڕژاو و تێکەڵ و پێکەڵە، بۆیە پێویستمان بە جۆرە ڕێنیوێنی و کلیلێکە ئەو بەڵگەنامانە ژمارەیان لێ بدەین و هێمای تایبەتیان بۆ دابنێین. بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانین، بە گوێرەی بابەت بیاندۆزینەوە و بیانناسینەوە. یەکێك لە مەبەستەکانی ئەرشیف هەم کۆکردنەوە و هەم پاراستن و پۆلین کردنی بەڵگەنامەیە، تا بتوانین بە ئاسانی بیانخەینەوە بەردەستی لێکۆڵەرەوە و توێژەرەوە. دەبێت کلیلێکی ئاسانی ئەوتۆمان هەبێت، ئەو کەسەی داوای هەر بابەتێك بکات و پێویستی پێی بێت تا یەکسەر بخرێتە بەردەستی. بەداخەوە ئێمە تا ئێستا ئەو جۆرە کلیلەمان نەدۆزیوەتەوە، خۆزگە ئەو کەسانەی لە دەرەوە خەمخۆر و دڵسۆزی ئەرشیف و بەڵگەنامەی کوردین، لەم ڕووەوە هاوکاریان بکردینایەو یارمەتیان بداینایە.

لەبەر نەبوونی هۆشیاری بەڵگەنامە تا ئێستاش، ڕێز لە بەڵگەنامە و کاری ئەرشیفی نەگیراوە و بایەخی پێ نادرێت. بە پێچەوانەوە کەی نرخ و بایەخی زانرا و ئامێری زانستی نوێی بۆ تەرخان کرا بۆ پاراستن و لە ناونەچوون و هەموو پێویستی‌یەکانمان دابین کرا و کەناڵێکمان بۆ کرایەوە، ئەوانە پێویستی‌یە گرنگ و دیارەکانمانن ئەوکاتە ئیشەکانمان ڕێگەی ڕاستی خۆی دەگرێت.

پ: هەر لەم دانیشتنەدا باسی ئەو بەڵگەنامە و ئەرشیفانەیماڵە ناسراو و دیارەکانی شاری سلێمانیتان کرد، حەزدەکەین زیاتر تیشك بخەنە سەر ئەم لایەنە و پێشنیارتان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك چی‌یە بۆ لە دەست نەدانی بەڵگە دێرین و شەخسی‌یەکانی خۆیان.

سدیق ساڵح ئەحمەد: ئێمە کە دەڵێین بەڵگەنامە یان ئەرشیف، مەبەستمان لە بەڵگەنامەی نوسراو نی‌یە بەڵکو وێنەش بەڵگەنامەیە، هەندێك جار وێنە دەبێت بە کلیلێك بۆ کردنەوەی گرێی بابەتێکی مێژوویی. وێنە و مۆر و پول و نەخشە بەڵگەنامەن. زۆربەی بەڵگەنامە و ئەرشیفی کورد تا ئێستاش لای هەندێك لە بنەماڵەکانی کوردستانن و

بەداخەوە باروزروفی نالەباری کوردستان وای کردووە، هەندێ جار ئەم بەڵگەنامانە تووشی لە ناوچوون و فەوتان بوون. دیارە حکومەتی مەرکەزی هەمیشە دژ بەو بەڵگەنامە و هەر شتێك بووە، کە پەیوەندی بە مێژووی کوردەوە هەبووە، لەبەر ئەوە زۆر جار ئەو بنەماڵانە لە ترسی لێ پرسینەوە و لێ پێچانەوەی حکومەت، خۆیان بەڵگەنامەکانیان سووتاندووە و لەناویان بردووە. ڕەنگە ئێستاش لێرە و لەوێ بە بڕوای من بە پرش و بڵاوی ئەوەندەی من سۆراخم کردووە، بەڵگەنامە لە ناو ماڵەکاندا ماوە و هەندێ بنەماڵە دەستیان بەسەردا گرتووە. بەڵگەنامە مەبەست لە هەر بەڵگەیەکە بە هەر زمانێك بە کوردی، عەرەبی، تورکی و فارسی نووسرابێت، لە بارەی کوردەوە بێت و پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت. ئێمە ئەوەندەی توانیبێتمان و پێمان کرابێت، ڕەنگە هەوڵەکانمان لە ئاستی پێویست دا نەبووبێت، بەڵام پەیوەندیمان بە زۆریەی ئەو بنەماڵانەوە کردووە، کە بەڵگە نامەیان لە لابووە، هەنێکیشیان لە ڕووی هەست بە لێپرسراویەوە، بەڕاستی شایانی ڕێزن، خۆیان پەیوەندیان پێوە کردووین و کۆپیمان لەبەر بەڵگەکان گرتۆتەوە و هەشیانە هەر ئەسڵیەکانیان بۆ ئەرشیفەکەمان ناردووە. ئەم جۆرە بەڵگەنامانە هەر بە تەنها لای بنەماڵەکانی کوردستان نین، زۆر خێزان ئێستە لە دەرەوەی کوردستانن و بەڵگەکان چوونەتە دەرەوەش، بۆ نموونە شارەکانی بەغدا و تەنانەت ئەورووپاش. چەند حەزدەکەین و خواستمانە ئەرشیفخانە و بەڵگەنامەی نەتەوەیی کوردستان، دەوڵەمەند بێت و بریا لە دەرەوە بە تایبەتی لە ئەورووپا ناوەندێکی پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیفخانەیەکی کوردی دروست دەبوو، لەبەر ترسی هەل و مەرجی نائارام و نالەباری کوردستان، چونکە لەوێ هەل و مەرجەکە لەبار تر و گونجاو ترە و بەڵگەکان پارێزراو تر دەبن.

## بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە وڵاتی سلێمانی

پ: کاک سدیق حەز دەکەین ئەگەر هەر بیروبۆچونێکی تر یان هەر پێشنیار و ئامۆژگاریەکت هەبێت بۆ خوێنەران و کورد لە دەرەوە سەبارەت بە ئەرشیفخانە و پاراستنی بەڵگەنامە، لێرەوە بیگەیەنیت...!!

.. سدیق ساڵح ئەحمەد: میللەتانی هۆشیار و پێشکەوتووی دنیا هەوڵیان داوە، زۆر لەو بەڵگەنامانەی لە ئەرشیفخانەی دەرەوەی وولاتی خۆیانە و سەبارەت بە خۆیانە، کۆیان بکەنەوە و بیانپارێزن. ڕەنگە زۆرمان بزانین ئەرشیفخانەکانی وەکو بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئەمەریکا، زۆر بەڵگەنامەیان تێدایە، کە پەیوەندیان بە مێژووی کوردەوەیە، بە دلخەوە ئێمە هەنگاوێکی ئەوتۆمان بۆ نەناون. ئەرشیفخانەی وولاتێکی وەکو بەریتانیا، ڕەنگە دەوڵەمەندترینیان بێت، خەڵکانێکی زۆری ڕۆشنبیری کورد لەوێ کۆبونەتەوە، کوا هەوڵەکانیان، لە هەمان کاتدا ئەرشیفی وولاتێکی وەکو سوڤێتی کۆن. بە ڕاستی ئەو شوێنانە، زۆریان بەڵگەنامەی ئەوتۆیان تێدایە، کە پەیوەندیان بەم ساڵانەی دوایی کوردەوە هەیە. کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە، ئەرکێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیرانی کوردە و خەمخۆرانی کورد لە دەرەوە هەقە ئەو بەڵگەنامانە، لەو ئەرشیفخانانە دەربهێنن و لەبەری بگرنەوە و ساخی بکەنەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. ئەو بەڵگەنامانە هەندێکیان شایانی ئەوەن بکرێن بە کتێب و چاپ بکرێن و بکرێن بە کوردی، ئەو بەڵگانە زانیاری و کەرەسەی ئەوتۆیان تێدایە، بکرێنە سەرچاوەی مێژوویی بۆ کورد. بەڕاستی نوسینەوەی مێژووی کورد، تا ئێستاش هەندێ قۆناخی پچرپچری نوسراوەتەوە و کەلێن و کەموکوڕییەکی زۆری تێدایە، مێژوویەکی تەواو و ڕاستەقینەی تا ئێستا نەنوسراوەتەوە. نوسینەوەی مێژووی تەواوی کورد تا ئەو ڕۆژەی ئەرشیفەکانی بۆ نموونە: بەغدا، تاران، ئەنقەرە، دیمەشق و ئەرشیفەکانی ئەورووپا، ئەو بەڵگانەی دووروونزیك بە دوای مەسەلەی کورددا ڕۆیشتوون، ساغ نەکرێتەوە و تاوتوێ نەکرێت، تا ئەو ڕۆژەی ئەو بەڵگانە نەکەونەوە دەست کورد، تا خۆی بتوانێ چاپیان بکات و بیان کاتەوە بە کوردی ئەو کاتە دەتوانرێت بووترێت کورد خاوەنی مێژووییەکی

بێ کەموکورتی تەواوە. دیارە ئەمەش ئەرکی ڕۆشنبیران و خەمخۆرانی کوردە چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوەی کوردستان. من دڵنیام ئەمەش پارە و خەرجییەکی زۆری دەوێت لە توانا و دەستەڵاتی تاکە کەسدا نییە. لە هەمان کاتدا لێ بڕانێکی زۆریشی دەوێت، ڕەنگە زۆرێک لەو کوردانەی لە دەرەوەن، لەبەر زەحمەتی ژیان و گرانی گوزەران نەتوانن خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەم مەبەستە. بەڵام دەکرێت دەزگا و کۆمەڵ و پەیمانگا و بنکە و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرن. ئەگەر ڕۆژانە کارێکی کەمیشی بۆ بکرێت، دەتوانن لە داهاتوودا کەرەسەیەکی زۆر گەورە و زەخیرەیەکی باشی بەڵگەنامەی کوردی بۆ مێژووی میللەتەکەمان، بکەن بە سەرمایە و بۆیان دابین بکەین تا توێژینەوەی لەسەر بکرێت، ڕەنگە بووترێت ئەمە کارێکی مەحاڵە، بەڵام بیرلێ کردنەوەی ئەگەر لە چوارچێوەیەکی تەسکیشدا بێت، بەڕاستی ئەرکێکی نەتەوایەتی ڕۆشنبیرانی کوردە لە دەرەوە.

جارێکیان بە گلەییەوە لە دکتۆر کوردۆ عەلیم پرسی، باشە ئێوە چەند ساڵێک لە ئەڵمانیا بوون، بۆچی هەوڵتان نەداوە، ئەو کەرەسانەی پەیوەندیان بە کوردەوە هەبووە، لە ئەرشیفخانەکانی ئەڵمانیادا، کۆتان بکردایەتەوە و ساختتان بکردایەتەوە و بتانخستایەتە، بەردەستی خوێنەوارانی کورد. بە وەڵامەکەی دڵنیای کردم، ئەو کارانە کاری تاکە کەس نییە و خەرجییەکی زۆری دەوێت، ناهەقیشیم نەگرت، ژیان لە ئەورووپا هێندە گرانە، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە ئەو کارانە بە تاکەکەس بکرێت. لە هەمان کاتدا باسی میللەتێکی وەک ئەرمەنی کرد، ئەو کەرەسە مێژووییانەی پەیوەندی بە خۆیانەوە هەبووە؛ هەموویان ساغکردۆتەوە ولە دووتوێی بەڵگەنامەکانی ناو ئەرشیفخانەکانی دنیادا دەریان هێناون و کردویانن بە کتێب و بڵاویان کردونەتەوە. ئەو کارانەش بۆ نوسینەوە و ساغکردنەوەی مێژووی کورد، ئەرکی ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی خۆمانە و زیندووکردنەوەیان لە ڕێگەی ئەو ئەرشیفخانە و بەڵگەنامانەی وڵاتانەوە، کە تا ئێستا نەیانخستۆتە بەر دەست و هەر پەنجا ساڵ جارێک ئاشکرا دەکرێن، گەرماوگەرم

خزمەتێکی مەزن بە گەلەکەمان دەکات. ئەگەر ئێمە چەند لە تواناماندا بێت، هەر ساڵەی شتێکی کەمیش بێت لەو بەڵگەنامانە پەیدا بکەین و ساخیان بکەینەوە و بیـان کـەین بە کوردی و لێکۆڵینـەوەیان لەسـەر بکـەین، لـە دوتـوێی بـەرگی کتێبـدا چاپیـان بکـەین، بەڕاستی هەم خزمەتی کتێبخانەی هەژاری کوردی دەکەین هەم مێژووی گەلەکەمان و بـە ئەرشیفخانە و بەڵگەنامە دەوڵەمەندەکانی گەلان لە بارەی خۆمانەوە زیندوو دەکەینەوە.

## ڕووبەڕوو لەگەڵ سەرۆك و هەندێك لە ئەندامانی کۆمەڵەی کەلە پور و فۆلکلۆری کورد لە شاری سلێمانی

دوای کۆنگرەی ڕاپەڕینی یەکێتی نووسەرانی کورد کە لە ڕێکەوتی (١٥ تا ١٧) ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ لە شەقڵاوە ساز کرا، هەر لەوێوە بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی کەلەپور و فۆلکلۆری کورد چەکەرەی کرد و بە ڕاوێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف و محەمەد صاڵح سەعید و محەمەد حەمە صاڵح تۆفیق و بەندە(سەردار) پاشان مامۆستا خالید دلێر و سەلام مەنمی و عەبدول شاربازێڕی یش ئاگادار کران و مامۆستا عەبدولڕەقیب و مامۆستا محەمەد صاڵح سەعید ئەرکی پەیوەندییەکانیان بە بەندە سپاردوو پاش گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی، بە حوکمی ئەوەی زۆربەی نووسەران و ڕۆشنبیران سەردانی دوکانەکەی منیان ئەکرد (نوسینگەی گۆران بۆ جزوبەندی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە) لە صابونکەرانی سلێمانی، پەیوەندیم بە زۆربەی فۆلکلۆردۆستانەوە کرد. یەکەم کۆبونەوە بە هۆی حەمە عەلی صدیقەوە، کە فەرمانبەر بوو لە شارەوانی سلێمانی ڕۆژێکی هەینی لە پرسگەی شارەوانی سلێمانی ساز کرا بە ئامادەبوونی عەبدولڕەقیب یوسف و خالید دلێر و محەمەد صاڵح سەعید و محەمەد حەمە صاڵح تۆفیق و سەلام مەنمی و عەبدول شاربازێڕی و سەردار فەتاح و تۆفیق سەعید و محەمەد مەردان و حەمە عەلی صدیق. پاشان ڕۆژی ١٠ ی تشرینی دووەمی ١٩٩١ لە بارەگای یەکێتی نوسەرانی کورد لە سلێمانی کۆبونەوەیەکی فراوان بەسترا و دەستەیەکی بەڕێوەبەر بەم شێوەیە دەست نیشان کرا:

١ – عەبدولڕەقیب یوسف بەداواکردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر و ڕازی بونی خۆی هەڵبژێردرا بە سەرۆك.

# بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە وڵاتی سلێمانی

٢ – محەمەد صالح سەعید جێگری سەرۆك.

٣ – محەمەد حەمە صالح تۆفیق سکرتێر.

ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریش پێك هاتبوون لە:

٤ –خالید دلێر

٥ – سەلام مەنمی

٦ – عەبدول شاربازێڕی

٧ – سەردار فەتاح ئەمین

٨ – تۆفیق سەعید

٩ –محەمەد مەردان.

ئەم کۆمەڵەیە تا ئێستا بەردەوامە لە چالاکی و بارەگاکەیان لە شەقامی مەولەوی لە بیناکەی تۆفیق قەزازدایە و تا ئێستا گۆڤارەکەیان کەلەپور ( 12 ) ژمارەی لێدەرچووە، لەم سەردانەماندا بۆ سلێمانی، بە باشمان زانی لە نزیکەوە کارمەندانی ئەم کۆمەڵەیە بەسەر بکەینەوەو لە نزیکەوە بە خوێنەرانی‌یان بناسێنین سەرەتا کاك محەمەد مەردان سەرۆکی کۆمەڵەمان بینی و لێمان پرسی..؟

پ : ئەم کۆمەڵەیە لە کەیەوە دامەزراوە و ئامانج و مەبەستی دامەزراندنی چی‌یە و حەز دەکەین کەمێك زانیاری لە بارەی ئەم کۆمەڵەیە و ئیش و کارەکانتانەوە بزانین..؟

محەمەد مەردان: لە پایزی ١٩٩١ ەوە کۆمەڵەی کەلەپۆر و فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی دامەزراوە، بە مەبەستی زیاتر زیندووکردنەوەی کەلەپور و فۆلکلۆری نەتەوایەتیمان. بۆ ئەم مەبەستە تا ئێستا چەندین کاری باشمان کردووە و لە زۆر بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی تردا لەم ڕووەوە دواوین لێرەدا بە باشی نازانین دووبارەی بکەینەوە، ئەوەی ئێستا بە نیازین ئەنجامی بدەین. بە دواداچوونێکە لەسەر خوالێخۆش بوو نەجمەدین مەلا، کاتی‌خۆی لە سەرەنای جەفتاکان کە گۆڕەکەیان گواستەوە بۆ ئەزمەڕ، لە خەڵکەکەیانشاردەوە و دەنگ هەیە مەزارەکەی تێدرابێ. دەمانەوێ لەسەر ئەو خزمەتگوزارە نەمر و سەربازە زیندووە، بە دواچوون و یادکردنەوەیەکی بۆ ساز بکەین کە شایستەی بێت. هەروەها بۆ زیندوکردنەوەی ڕێ وڕەسمەکەی مامۆستای شاعیری

* کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕیپۆرتاژە بەهاری ٢٠٠٠.

گەورەی گەلەکەمان پیرەمێردی نەمر لە یادی نەورۆزدا ئەوە دوو ساڵە نەزمەکەی ئەومان دووبارە کردۆتەوە و بە ڕێ و ڕەسمێکی شایستەی پیرەمێرد دەچینە سەر گردەکەی یارە و نمایشێکی نەورۆز سازدەکەین. کەسێك دەوری پیرەمێردی نەمر دەبینێت و بە هەمان شێوە، پیرەمێرد چی کردووە، لاسایی دەکەینەوە.

پ: ئێوە مەبەستتان لە کەلەپور و فۆلکلۆری کورد چییە..؟ ئایا هەر تەنها پاراستن و کۆکردنەوەیە یان ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و تەوزیف کردنیشە..؟

محەمەد مەردان: لە سەرەتا مەبەستی سەرەکی دروستکردنی کۆمەڵەی فۆلکلۆر و کەلەپوری کورد، تەنها کۆکردنەوە و پاراستنی فۆلکلۆری کورد بوو لە فەوتان و لە ناوچوون، تا لە داهاتوودا شارەزایان و لێکۆڵەرەوان کەرەسەیەکی خاویان لەبەردەست دا بێت بۆ ساغکردنە و توێژینەوە. ئەندامەکانی کۆمەڵە کەس و پسپۆری ئەوتۆمان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەوڵداین بۆ ئەو مەبەستە. هەندێ جار بڕێ کەرەسەی کەلەپوریمان بۆ دێنن، لەبەر بێ جێگەیی گلیان نادەینەوە یان دەینێرین بۆ مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی سلێمانی، بە هیواین لە ئایندەدا شوێنێکی ئەوتۆمان هەبێت بتوانین ئەو کەمرکورییانە نەهێڵین. هەمیشە ئێمە وەك کۆمەڵەکەمان هانی ئەو خەڵکانە دەدەین و هۆشیاری کەلەپوریان هەبێ خۆیان ئەو بەرهەمان بپارێزن یا بیانبەن بۆ مۆزەخانەکان.

پ: کێن ئەو لایەن و دەزگا حکومیانەی یارمەتی دابین دەکەن بۆ کۆمەڵەی کەلەپور و فۆلکلۆری کورد..؟

محەمەد مەردان: سەبارەت بە ئیش و کارەکانمان تەنها نوسینگەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان کۆمەکی دارایمان بۆ دابین دەکات، ئەویش مانگانە بە ١٢٧٥ دینار کە کرێی ژوورەکەمان و بابەتی گەل و پەل نوسینگەکەمانی پێ دابین دەکەین لەگکاسێتی ڤیدیۆ و نەوار و تۆمارکەر بۆ چالاکییەکان بەکاری دەهێنین و تێکڕای کارمەندەکانیشمان بە خۆبەخش کار دەکەن.

پ: ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ ئەو نوسەر و فۆلکلۆرپەروەرانەی شار و چارۆچکەکانی تری کوردستاندا چۆنە..؟

محەمەد مەردان: لە (شارەزوور عەلی شارەزوور)ی*مان هەیە، بەداخەوە ئێستا ناساغە و لە جێگەدا کەوتووە، حاڵی زۆر خراپە. لە کەلار و کفری مامۆستایان عەبدوڵلا حەسەن قادر و ئیبراهیم باجەلان و ئەحمەد باوەڕ و سەید هاشممان هەیە.

لەگەرمەی گفتوگۆکەماندا بووین ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی کەلەپۆر و فۆلکۆری کورد بەڕێز خاتوو بەهار کارگەچی بۆ ڕێکخستنی چالاکی یەکی کۆمەڵە سەردانی نوسینگەکەی کرد و بەمەلمانزانی بیدوێنین و بزانین چۆن ئەم کۆمەڵەیەی ناسیوە و بۆچی خۆبەخشانە لێرە کار دەکات...؟

بەهار کارگەچی: من لەساڵی 1997 ەوە لەم کۆمەڵەیەدا ئەندامم و لە مێژە وەك خۆبەخش بەشداری چالاکی یەکانیم کردووە. لە لیژنەی پیشە میللی یەکان و ئەدەبی سەرزارەکی دا ڕۆڵی خۆمم بینیوە و کۆمەڵێك کاری بەرچاوم ئەنجام داوە و تا ئێستا هەندێك پێشەنگا و چالاکیمان سازکردووە. وەك پێشەنگا لە ساڵی 1992 دا لە قوتابخانەی گۆیژەی کچان لە چالاکی یەکی کۆمەڵەدا بەشداریم کرد، کۆمەڵێك چیرۆکی گوێ ئاگردانی کوردەواریم ئامادەکردووە لە ئەرشیفی کۆمەڵەدا لەسەر نەوار پارێزراوە. لە هەموو چالاکی یەکانی کۆمەڵەدا بە سنگێکی فراوانەوە بەشداریم کردووە. لە فیستفاڵی ساڵی 1997 دا بە کۆمەڵێك چالاکی و بەرهەم کە هونەری شێوەکاری و هونەری پیشە میللی یەکان و زیندوکردنەوەی ئەدەبی سەرزارەکی و یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی لەخۆگرتبوو. لە هەمان کاتدا لە لیژنەی ئامادەکردنیشدا بووم.

پ: بەڕێز کاك محەمەد لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسی شاروشارۆچکەکانی سەر بە سلێمانیتان کرد، کە پەیوەندیان لەگەڵ کۆمەڵەی کەلەپۆر و فۆلکلۆری کوردیدا هەیە، ئەی فۆلکلۆریستەکانی هەولێر و دهۆك پەیوەندیان چۆنە لەگەڵتان..؟

محەمەد مەردان: پێش ئەوەی بچین بۆ شاری هەولێر و دهۆك، پێویستە ئاماژە بە شاری ڕانیە و چەمچەماڵیش بدەین، چونکە کۆمەڵێك کەسی چالاکمان لەو شارانەشدا هەیە، بە عەشقەوە هاریکاریمان دەکەن. تێکڕایی ئەندامانمان (65) ئەندامە، بە هەموو شوێنەکانی کوردستانەوە، هەندێك لە ئەندامانمان چوون بۆ ئەورووپا و هەندێکیان وازیان هێناوە.

سەبارەت بە هەولێریش ئێمە پەیوەندیمان پێیانەوە نەپچڕاوە، ئەوان هەرچەندە ڕایان

* خوالێخۆشبوو عەلی شارەزووری ڕێکەوتی (٢٢-٢٣/ ١٢/ ٢٠٠٠) کۆچی دوایی کردووە.

گەیاندووە، کە نەماون لە دوای کارەساتی 31 ینابی 1996 ەوە. بەلام ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە وەکو کۆمەڵەی کەلەپۆر و فۆلکلۆری کوردی ناوی خۆمان بنێین مەلبەندی گشتی. هەر چاوەڕوان بووین ڕۆژی لە ڕۆژان ئەوان بگەڕێنەوە سەر شانۆی کارکردن. لەم ڕۆژانەدا کاک زاهیر ڕۆژبەیانی نامەی ناردووە بۆ ئەوەی دەست بەکار بن و بەڕێز دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵ لە سلێمانی ئەندامە.

پ: ئێوە لەسەر چ بنچینەیەك ئەندام وەردەگرن..؟

محەمەد مەردان: جاران وابوو هەر کەسێك دوو بەرهەمی فۆلکلۆری بڵاوکراوەی هەبوایە و دوو ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵە پشتگیری بکردایە، بە ئەندام وەردەگیرا بەمەرجێك ئەو کەسە عەشقی کەلەپۆر و فۆلکلۆر بێت و خۆی تەرخان کردبێت بۆ کۆکردنەوە و توێژینەوە لەم بوارەدا. ئێستە کۆمەڵەکەمان فراوان بووە و پێویستمان بە خەلکانی خۆبەخشە وەك ژنان بۆ ڕێکخستنی فیستیفاڵ و چالاکییەکانمان و بۆ ئەوەی لەجێبەجێ کردنی کاروبارە ئیدارییەکاندا هاوکاریمان بکەن، هەروەها ئەگەر ئەو کەسە دلسۆزی مەسەلەکە بێت وەك ئەندام وەردەگیرێت. ئەوەتا خۆشکە بەدریە لە دوو فیستیفاڵدا ساڵی 1997 و ئەمساڵیش بەشداری کردووە و خۆی داوای ئەندامێتی کردووە، دوو ئەندامی دەستەی کارگێڕ پشتگیریان کردووە و بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی کەلەپۆر و فۆلکلۆری کورد. کۆمەڵەکەمان تەنها کۆمەڵەی پیاوان نییە، بەلکو چەند ئەندامێکی ژنیشمان هەیە بۆ نموونە خوالێخۆش بوو خورشیدە بابانی شاعیر ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵە بوو.

پ: وەك بیستومانە ئێوە کێشەی دارایتان هەیە و لە ڕوداوەکەی هەولێردا هەندێ پارەتان سەری تیاچوو ئەگەر حەزدەکەن لەو بارەیەوە هەندێ ڕوونکردنەوە بدەن...؟

محەمەد مەردان: سەبارەت بەو پارەیە کاتی خۆی بەڕێز مام جەلال (40) هەزار دیناری بەخشی بە کۆمەڵەکەمان و بەڕێز کاك مەسعودیش (10) هەزار دیناری بەخشی بۆ بەستنی کۆنگرەی گشتی و هەلبژاردن. لەو پارەیە هەر لقەی 2 هەزار دیناری پێبەخشرا بۆ بەڕێکردنی،

ئیش و کارەکانیان. ماپەوە 42 هەزاری. کاتێك شەڕی ناوخۆی هات بەسەردا کۆنگرە نەگیرا و پارەکەش لە یەکێك لە بانقەکانی هەولێردا بە ناوی مامۆستا خالید دلێر و دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵەوە دانرا بوو. لەم دوایانەدا دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵ لە یەکێك لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردبۆوە، کە پەیوەندی بەو پاریەوە نەماوە و تەنها بە ناوی مامۆستا خالید دلێرەوە ماوەتەوە. کاتێك کە 31 ینابی 1996 ی هات بەسەردا. وەك لە نامەیەکی مامۆستا خالید دلێردا لەو بارەیەوە بۆ کۆمەڵەی ڕوون کردۆتەوە گوایە ئەو کاتە کاك خالید جوتیار و هەندێ برادەری تر چووبونە سەر ماڵی مامۆستا خالید دلێر داوایان لێکردبوو کە ئەو پارەیەیان بداتێ، ئەویش لەگەڵیان چووەتە بانق، بە گفتی مامۆستا خالید دلێر و بە گوێرەی ئەوە نامەیەی کە لەوەوە بۆ کۆمەڵەی ناردووە و لە ئەرشیفدا بە خەتی خۆی پارێزراوە، پارەکەی پێداون، ئێمەش لە تیانووسی ڕۆژانەی خۆماندا بە دەستنووسی مامۆستا خالید دلێر تۆمارمان کردووە. ئەو برادەرەی کە پارەکەی لێ سەندوون و کاك خالید جوتیاری هەڵپێچاوە ئەو کاتە لە ئاسایشی شەقڵاوە کاری کردووە و ناوی هەڤاڵ نەورۆزە. ئێمە ئیتر پەیوەندیمان بە کاك خالید جوتیارەوە نەکردۆتەوە، بەڵام پەیوەندیمان بە کاك فەلەکەدین کاکەیی‌یەوە کردووە و خۆم شەخسی چوومە لای و مەسەلەکەم تێ گەیاند، ووتی ئینشائەڵلا هەوڵ دەدەین بۆتان وەریگرینەوە بەڵام تائێستا دەنگ نەبووە. لەم ڕۆژانەشدا کاك زاهیر ڕۆژبەیانی نامەیەکی بۆ ناردووین، باسی ئەوە دەکات لە هەوڵی ئەوەدان پارەکە وەریگرنەوە.

پ: ئەوان دان بەوەدا دەنێن کە ئەو پارەیە، بەو شێوەیە برابێت..؟

محەمەد مەردان: بەڵێ ئەوان نکوڵی لەوە ناکەن، کە ئەو پارەیە بەو شێوە نەبرابێت، بەڵام سەرەتا کە پەیوەندیمان بە کاك خالید جوتیارەوە کرد ووتی من ئاگام لەو مەسەلەیە نییە، پاشان ووتی منهشیان بە زۆر بردووە بۆ ماڵی کاك خالید دلێر و پارەکەیان بەزۆر پێ لە بانق دەرهێناوە، مەسەلەی پارەکە زیاتر لە نێوان مامۆستا خالید دلێر و کاك خالید جوتیار دا ڕوون ترە و ئەوان ڕاستی مەسەلەکە باشتر دەزانن، ڕەنگە لەبەر هەندێ هۆکار نەیانەوێ لەسەری بڕۆن.

پ: تا ئێستا چەند ژمارەیەك گۆڤاری كەلەپورتان دەركردووە، چالاكی‌یەكانتان تەنها لەو گۆڤارەدا كۆبۆتەوە، یان چالاكی تریشتان نواندووە...؟

محەمەد مەردان:تا ئێستا 12 ژمارە گۆڤاری كەلەپورمان دەركردووە، ئیش و كارەكانمان تەنها دەركردنی گۆڤارێك نی‌یە، بەلكو ئێمە ڕۆژانە دەچین بۆ بەسەركردنەوە بە سالاچو و خاوەن ئەزموون و دنیادیدەكان و چاوپێكەوتن و گفتوگۆیان لەگەلدا تۆمار دەكەین، چ لەگەل دەست ڕەنگین و خاوەن پیشە میللی و بەهرەمەندەكانماندا بۆ زیندوكردنەوەی بەرهەمە كەلەپوری‌یەكانمان بە كامێرای ڤیدیۆ تۆماریان دەكەین. تا ئێستا چەندان پێشەنگا و یادكردنەوەی سالانەی نەورۆز لە شێوەی میهرەجانێكی گەورەی شكۆداردا بە نمایش و نواندنی كەسایەتی شاعیر و فەیلەسوفی نەمری كورد پیرەمێرد. سالانە پێش نەورۆز خەلكان بە تامەزرۆیی‌یەوە چاوەڕوانی ئەو نمایشەن و ئێمە كۆمەلەی كەلەپۆر و فۆلكلۆری كورد جێگەی پیرەمێری نەمرمان گرتۆتەوەوە لە یادكردنەوەی نەورۆزدا لە گردی مامە یارەوە بە ڕێپێوانێكی شكۆدار تا ناو شار.

پ: كۆمەلەكەتان پلانێكی سالانەی دارشتووە بۆ پێشكەشكردنی چالاكی‌یەكانتان و كەسانی شارەزاو پسپۆڕتان لە بواری كارە جیاجیاكاندا دەست نیشان كردووە..؟

محەمەد مەردان: وەك پێویست نەخێر، ئیش و كارەكانی ئێمە بە گوێرەی هەبوونی دارایی و بە گوێرەی كتوپڕی بۆنەكانە، ئێمە زیاتر گرنگی بە كەسە ناسراو و بە تەمەن و دنیادیدەكانمان دەدەین تا پێش كۆچی دواییان چاوپێكەوتنیان لەگەل دا ساز بكەین تا بیرەوەری‌یەكانیان نەبەنە گلەوە. ماوەیەكە دەمانەوێ چاوپێكەوتن لەگەل مامۆستا ع.ع. شەوئم دا ساز بكەین، كاتێك ئێمە بۆمان دەرەخسێ ئەو كاتی نابێت. واتە تا ئێستا پلانێكمان بۆ كارەكانمان دانەڕشتووە، چونكە كارمەندەكانمان بە خۆبەخش كاردەكەن و پێویستیان بە پەیداكردنی بژێو و گوزەرانی خۆیان هەیە كەی كاتیان هەبوو، دێن كارەكانی كۆمەلە ڕادەپەڕێنن.

هەندێك لە ئەندامانمان مامۆستایانی خانەنشینن و بە تەمەنن، لەگەل ئەوەشدا زۆر لە خۆبوردووانە، بۆ هەر كوێیەك دەست نیشان بكرێن، دلسۆزانە بۆی دەچن و كارەكانی خۆیان ئەنجام دەدەن.

## بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە وڵاتی سلێمانی

پ: حەز دەکەین ناوی هەندێك لەو نوسەر و کەسە دیارانەی ئەندامی کۆمەڵەی کەلەپۆر و فۆلکۆرن بەریت..؟

محەمەد مەردان: زۆربەی زۆری ئەوانەی کارمان لەگەڵ دەکەن لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ کەسانی دیاری ناو بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی بوون وەك مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف کە یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەکە و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بەداخەوە ئێستە دوورکەوتۆنەوە، هەروەها مامۆستایان محەمەد ساڵح سەعید وەك چیرۆکنوسێك و نوری عەلی ئەمین وەك هونەرمەند و نوسەرێکی دیار و لە وێنە کێشانیشدا دەستێکی باڵای هەیە، چەند بەرهەمێکی ئەم کە ساڵی 1962 کێشاوێتیلەم ژمارە نوێیەدا بڵاوکراوەتەوە. چیرۆکنووس جەلال مەحمود عەلی و نوسەر عوسمان هەورامی مامۆستایانی خوالێخۆش بوو جەلال تەقی و عەبدولمەجید ماوەتی و هتد:. لە بواری هونەریشدا کاك بەختیار بەمۆ کە کاری میناتۆری دەکات و شاخی ئاژەڵ و کەڵەکێوی دروست دەکات و جوانترین پێشەنگای وێنەکێشانی کردۆتەوە بە ناوی کۆمەڵەوە، لە بواری تەشکیلی دا مامۆستا شەهلا نامیق و بەهار کارگەچی و خالید ڕەسوڵ کە ئەویش بەهۆی چوونە هەندەرانەوە لێمان دوورکەوتۆتەوە.

دووا ووتەت:

محەمەد مەردان: کۆمەڵەی کەلەپۆر و فۆلکلۆری ماڵە باوانی کوردە، ئێمەش خۆمان بە مجێوری ئێرە دەزانین، پێشوازی لە هەموو کەلەپۆریستان و شەیدایانی فۆلکلۆری کوردی دەکەین، هیوادارین بایەخی زیاتر بە کۆمەڵەی کەلەپۆر و فۆلکلۆری کورد بدرێت و پشتگیری زیاتری بکرێت و لە دەریشەوە یارمەتی و کۆمەکمان بکەن و خەڵکانمان بۆ پەیدا بکەن و ئێمەیان پێ بناسێنن. ئێمە بیرمان لە زۆر پرۆژە کردۆتەوە بەڵام کەم دەستی پرزەی لێ بڕیووین. حەزمان دەکرد بارەگایەکی گەورەترمان هەبووایە و شوێنێنی تایبەتی خۆمانمان هەبووایە بۆ پێشکەشکردنی پێشەنگا و پیشاندانی بەرهەمەکانمان، دیارە بیرمان لە زۆر چالاکی کردۆتەوە، بەڵام بە داخەوە لەبەر بێ دەرامەتی نەمان توانیووە خواستەکانمان بەدی بهێنین.

هەر لە بارەگای کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد چاومان بە بەڕێز کاک عومەری مام ڕەزا ئەندامێکی نوێی ئەم کۆمەڵەیە کەوت حەزمان کرد لێی بپرسین..!

پ: بۆچی ئەم کۆمەڵەیەت هەڵبژاردووە و بۆچی بوی بە ئەندامی، چ خواست و ئارەزوویەکی تۆ لێرەدا دێتە دی و ئیش و کارەکانی تۆ لەم کۆمەڵەیەدا چییە..؟

عومەری مام ڕەزا: ئەو بوارەی من کاری تێدا دەکەم زیاتر بواری ئاینە کۆنەکانی کوردەوارییە، وەك ئاینی یەزیدی و کاکەیی و زیاتر دەربارەی ڕەگەز و ئاکارەکانی دینە کوردییەکانە. ئێستا کتێبێکم بە چاپ گەیاندووە دەربارەی یەزیدییەکان کێن ..؟ وەك بە دواداچوونێك چ وەك بنەچە و ریشە و ڕەگەزی یەزیدی چ وەك دین چ وەك ڕەگەز لەسەر پشت بەستنی ئەو سەرچاوانەی لەم ئاینە دوواون یان ئەو سەرچاوانەی لە ڕووی نەرێی خراپەی ئەم ئاینانە دەدوێن و هێرش دەکەنە سەریان. ئەمە خۆی لە خۆیدا وەك دەست پێکێك وەری دەگرم و لە دوایدا بە گوێرەی بۆچوون و ڕاپەڕموونەکانی خۆم و بە گوێرەی چاوپێکەوتن و ئاخاوتنەکانی لەگەڵ کەسە دیار و دنیادیدەکانی ئەم ئاینانەدا سازم کردووە دەکەمە دەرئەنجامێك و لە ئەنجامی سەردان بۆ لالش و باعەردێ و گفتوگۆکردن لەگەڵ مجێور و فەقیر و ئەوانەی لە خزمەتی ئاینی یەزیدی دان و بە پشتن بە شوێنەوارەکانیان توێژینەوەیەکم ئامادەکردووە. من ئێستا زیاتر گرنگی بە ئاینی یەزیدی و کاکەیی دەدەم لە داهاتوودا بۆ ئاینە کۆنەکانی تری کوردەواریش، بە نیازم باس و لێکۆڵینەوە و بە دواداگەڕان ئەنجام بدەم، چونکە ئەوانیش بەشێکن لە مێژووی شارستانێتی نەتەوەکەمان و ئەو بوارەیە من گرنگی پێدەدەم و هەستم کرد دەتوانم بەهۆی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆرەوە، ئەو بوارەم بۆ ئاسان تر بێت.

هەر لە بارەگای کۆمەڵە کەسێکی ڕۆشنبیر و فۆلکورپەروەری ترمان ناسی و هەمان پرسیارمان لێکرد کە ئەویش بەڕێز نافع دیبەگەیی بوو بەم جۆرە بۆمان دووا...!

نافع دیبەگەیی: سەبارەت بە بانگەوازێکی مامۆستای عەبدولڕەقیب یوسف لە هەشتاکاندا، بۆ پاراستنی کەلەپووری کورد لە شێوەی کتێبێکدا بڵاوی کردەوە، ئەو بانگەوازە سەرنجی ڕاکێشام، لەو کاتەوە هەستم کرد سالژمێری کوردی سەرچاوەیەکی ڕەسەنی فۆلکلۆری کوردییە و

پێویستی بە گرنگی پێدانە و سەرەڕای ئەوەش ئاسەوارێکی دێرینی کوردییە و لە ڕووی زانستیشەوە باوەڕپێکراوە، کورد لە زووەوە لە زۆر ئەم زانستەی پەیڕەو کردووە، وەك ناوچەی گەڕاو لە هەولێر و گلەزەردە و چەم پاراو و کەل خان و سورکێو. ساڵژمێری کوردی بە ناوی تایبەتی شوێنەکانەوە ناونراون، سەبارەت بە ساڵژمێر هەر لەسەرەتاوە هەستم کرد، توێژینەوەیەکی ئەوتۆ لەسەر ئەم لایەنە نەکراوە و هیچی لەسەر نەنوسراوە. من گرنگی تایبەتیم بە ناوچەی هەولێر دا، ئەوەی پابەند بە ساڵژمێر و کەشناسییەوەیە، هەندێك حسابی هەفتە بە تایبەتی لەو ناوچەیەدا، باسی لێوە دەکرێت و بانگەوازەکەی مامۆستا عەبدولڕەقیبیش وای لێکردم بچمە ناو بابەتی کەشناسی و ساڵژمێری کوردییەوە.

هەوڵەکانم لەم بوارەدا کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٨٤ دا لە ژمارە ١٧، ١٨ ی گۆڤاری کاروان دا بابەتێکم بڵاوکردۆتەوە، بە ناوی مێژووی ساڵنامە و ڕۆژمێری کوردی، کە لەوێدا زۆر لایەنی ساڵژمێری و ڕۆژمێری کوردی و گەلان و جیهانم گرتووە. ئەوە لە لایەك. جگە لەوە ساڵژمێری کوردی هەر لایەنی ساڵژمێری نییە، بەڵکو کورد هەر لە کۆنەوە گرنگی بە لایەنی ئەستێرەشناسی داوە. کاتی خۆی گەلان بۆ ساڵژمێری بە بەرد دەستنیشانیان کردووە یان بە هەڵکەندنی بیر و لە شارەستانێتی ئێمەشدا تاشە بەردێکیان دەست نیشان کردووە، بەوەی ساڵی یەك ڕۆژ ئەم تاشە بەردە سێبەری نییە. میسرییە کۆنەکانیش لە جیزە بیرێکیان هەڵکەندووە بەرامبەر بە تیشکی خۆر، ئەم بیرەش ساڵی یەك جار تیشکی خۆر بەباشی گەیەندراوە. ساڵژمێری لە کۆندا بەم جۆرە بووە، لە کوردەواریشدا ساڵژمێری لەسەر بنچینەیەکی زانستی تەواو بووە، کە ئێستا فەلەك شوناسەکانیش بە هۆی ئەستێرە و خۆرەوە دەیکەن. کورد دوو ئەفسانەی زۆر گرنگی هەیە شەڕی خۆر و گەلاوێژ. مەبەست ئەستێرەی گەلاوێژە. شەڕی خۆر و تەرازووش مەبەستمان کۆمەڵە ئەستێرەیەکە کە کۆمەڵەی ئەستێرەی هەرقلیان پێدەوترێت، کۆمەڵە ئەستێرەیەکیش هەیە شێوەی تەرازوویان وەرگرتووە، پێیان دەوترێت کۆمەڵە ئەستێرەی تەرازوو. ئیدی ئەو زەمانە تێبینیان کردووە و لە ڕوانگە (مرصد)ەکانیشدا بە ئاشکرا دیارن. بە تایبەتی لە ڕوانگەی گەڕاودا دەبینین چەکەکانی بەرامبەر شوێنی ڕوانینەکە نیشانە کراوە. ئەویش ئەوەیە شوێنی ئەستێرەکانی ترازوو ئەو کاتە نەبێ، کە لە نزیك بوونەوەی نەورۆزخۆر لە شوێنی ئاوابوونی ئەم ئەستێرانە نزیك دەبێتەوە، بۆیە پێیان دەوترێت شەڕی خۆر

و ئەرازوو وەك بڵێین خۆر بیەوێ بگاتە شوێنی ئاوابوونی تەرازوو، بەلام تەرازوو نەیەوێ بیگاتێ و کێبەرکێ بکەن. دەبینین لە شەوی نەورۆزدا بە تەواوەتی خۆر دەگاتە ئەو شوێنەی کە ئەستێرەکانی گەلاوێژی لێ ئاوادەبێت. لە هەندێ شوێنی کوردەواریدا بە پێی هەبوونی بەرزی و نزمی وارێك دەکەوێت خۆر بە تەواوەتی لە نێوان شوێنی ئاوابوونی هەردوو کۆمەڵە ئەستێرەکە ئاوا دەبێت بە یەکسانی ئەمەش تەنها سالی یەك ڕۆژ دەبێت. سەبارەت بەم بابەتە سالی ١٩٩٦ باسێکم لە ژمارە ١٠٨ ی گۆڤاری کاروان دا لە بلاوکردۆتەوە و لە گۆڤاری کەلەپۆریشدا لە ژمارە ١٢ دا جارێکی تر ئەو لایەنەم بە جۆرێکی تر لێك داوەتەوە.

من حەزدەکەم زیاتر لەم ڕووەوە بکۆڵمەوە و بەدواداچوون بکەم بەلام بەداخەوە بودجەی دارایی ئەم کۆمەڵەیە هێندە نییە و خۆشم لەگەڵ چەند کەسێکی کەشناس گرنگیمان بەم بوارەداوە و هەوڵمانداوە کارەکەمان فراوانتر بکەین و پێویستمان بە کۆمەك و یارمەتی هەیە تا کەش و هەوایەکی وەهامان بۆ بخولقێ کە هەندێ کەل و پەل پەیدا بکەین، چونکە دەبێت شەو لەوێ بمێنینەوە، هەروەها پێویستمان بە دووربین و قیبلەنما و هەندی کەلوپەلی تر دەبێت.

لە کاتێکدا گفتوگۆمان لەگەڵ کاك نافیع دا دەکرد، هونەرمەند خەیری شەنگاری خۆی کرد بە ژووردا، هونەرمەند خەیری شەنگاری یەکێکە لەو هونەرمەندە دەسترەنگینانەی لە کۆمەڵەی کەلەپۆر و فۆلکلۆری کورددا کار دەکات و ڕۆڵی گرنگی هەیە لەو چالاکیانەی بۆ کاری هونەری شێوەکاری و کاری میناتۆری تایبەت بە کۆمەڵەوە دەکرێتەوە، وەك بۆی باسکردین سەرەتای ناسینی کۆمەڵەی کەلەپۆر و فۆلکلۆری لە ڕانیەوە دەست پێدەکات، بەلام خۆی هەر لە منالییەوە شەیدای کەلەپۆر و فۆلکلۆری کوردی بووە، کاتی خۆی ئەندام بووە لە بنکەی ڕۆشنبیری لالش لە دوای 31 یئابی 1996 کەلە سلێمانی گیرسایەوە وەك خوی دەڵێ: لەگەڵ برادەرێك کاك ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی باسی کەلەپۆر و فۆلکلۆری کوردیمان دەکرد، ئەو ووتی بنکەیەکی گەورەمان هەیە لە سلێمانی، لە ڕێگەی ئەوەوە لە کۆمەڵەی کەلەپوروفۆلکلۆری کورد نزیك بوومەوە، وەك خستنەبریەك کە بنکەی لالشم لە دەست دابوو، بۆ ئەوەی خزمەتەکانم لێرەوە پێشکەش بکەمەوە. من هونەرمەندێکی شێوەکارم، لە بواری کەلەپۆردا کار دەکەم بیروبیارەڕی یەزیدیش بەشێکە لە کەلەپوری کورد، وا دوو سێ سالە لەگەڵ ئەم کۆمەڵەیە

کاردەکەم، بەشداریم لە دوو فیستیفاڵی تایبەت بە نەورۆزدا کردووە بە هۆی ئەم کۆمەڵەیەوە و پێشەنگایەکم کردووە لە چل تابلۆ پێک هاتبوو، هەروەها بەشداریم کرد لە چالاکی زیندووکردنەوەی یادی پیرەمێردی نەمردا و نمایشی دوانزەسوارەی مەریوانم کرد، هەروەها ڕۆڵم هەبوو لە هێنانی تیپی فۆلکلۆری بادینان بۆ بەشداری لەم فیستیفاڵەدا و ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو.

## سەرۆك و كارمەندانی بنكەی گەلاوێژی نوێ لە شاری سلێمانی

ئەمرۆ هاتینە خزمەت مامۆستای بەڕێز، نوسەر و ڕەخنەگر ڕەووف عوسمان سەرۆكی بنكەی ئەدەبی ڕوناكبیری گەلاوێژ لە سلێمانی و دەمانەوێ لەبارەی ئەم بنكەیەوە بۆمان بدوێ.. مامۆستا ڕەووف عوسمان یەكێكە لەو نوسەرە كوردە ناسراوانەی لە بواری ڕەخنەدا بە زمانی كوردی و عەرەبی دەنوسێت و نزیكەی چارەكە سەدەیەك زیاترە، لە بواری خوێندن و پەروەردەدا، خزمەتی نەوەی خوێندەواری كورد دەكات.

پ: بنكەی ڕوناكبیری و ئەدەبی گەلاوێژ لەسەر چ سستەمێك كار دەكات و بۆچی ناوتان لێناوە گەلاوێژی نوێ...؟

ڕەووف عوسمان: بێگومان بنكەی ئەدەبی و ڕوونكبیری گەلاوێژ یەكێكە لەو بنكە ڕووناكبیری وئەدەبیانەی، كە ئێستا ڕۆڵێكی كاریگەری لە سلێمانی و دەوروبەریدا هەیە، چونكە كۆمەڵێك لقمان لە شار و شارۆچكەكانی تری كوردستان كردۆتەوە. وەك ككۆیە و كەلار و لە ماوەی داهاتووشدا لە هەڵەبجەی تازەو شارەزووریشدا لقی تر دەكەینەوە.

بنكەی ڕوناكبیری و ئەدەبی گەلاوێژ لەسەر سیستەمی ئەو ڕێكخراوە جەماوەریانەی، كە كاری جەماوەری دەگرنە ئەستۆی خۆیان دامەزراوە. بنكەی گەلاوێژیش كارە ئەدەبی و ڕووناكبیری و ڕۆشنبیریەكانی لە ئەستۆ گرتووە و لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوایەتیەكانیشدا ڕۆڵی كاریگەری خۆی بینیوە.

دیارە كە ناومان لێناوەگەلاوێژی نوێ لەسەر بنیاتی گۆڤاری گەلاوێژی ئەو كاتەی كە خوالێخۆشبوان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و مامۆستا عەلادین سەجادی دەریان كردووە و بەو ناوەوە و بە یادی پیرۆزی ئەو نەمرانەوە و بە هەڵگری ئەو بیروباوەڕو گڕوتینە بە جۆشانەی ئەوانەوە لەو كات و سەردەمە كۆنانەی، ئەوان هەنگاویان بۆ ناوە و ئێمە خۆمان بە تەواكەری ئەوان دەزانین. بە واتایەكی

تر بنیاتی ئەدەبی و ڕوناکبیری و ڕۆشنبیری نوێ دەنێین، لەسەر بنچینەی ئەو تەلارەی ئەوان نەخشەیان بۆ کێشاوە.

پ: بنکەکەتان حکومییە یان وەك فەرمووتان جەماوەرییە، ئەی لە کوێوە کۆمەکی داریی بۆ بەدەست دەهێنن پشت بە چی داهاتێك دەبەستن بۆ بەردەوام بوونتان..؟

ڕووف عوسمان: بنکەکەمان کۆمەڵێك پەیوەندی هەیە، یەکێك لەو پەیوەندیانە و زیاتریش دەزگای ڕێکخراوە دیموکراتییەکانە، جارجارە لەملاولاشەوە یارمەتی دەدرێین، بۆ نموونە ئەمساڵ بۆ فیستڤاڵی ساڵانەی گەلاوێژ، برادەرێك لە سویدەوە بڕی پەنجا هەزار دیناری بۆ ناردینەوە. ئێمەش خەرجی فیستیڤاڵەکەمان لێکرد و خەڵاتمان بەسەر یەکەم و دووەم و سێهەماکانی بەشداربووی چالاکیەکاندا دابەش کرد، کە لە بوارە جیاجیاکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دا جێ پەنجەیان دیارە. هەندێ جاریش لەڕووی دارایییەوە پشت بە چالاکی و جموجۆڵەکانی خۆمان دەبەستین. بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیدارین بە ڕێکخراوە دیموکراتییەکانەوە و لەوانەوە کۆمەك وەردەگرین و ئەوانیش دەزگایەکی ڕەسمی سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

پ: پەیکەری ئیداری و دەستەی بەڕێوەبەری بنکەکە و نوسەرانی گۆڤارەکە، کێ هەڵیان دەبژێرێت و بە واتایەکی تر کێ دەستنیشانیان دەکات. ئایا دەستەی بەڕێوەری بنکە چ کارتێکەرییەکی لەسەر دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکە هەیە...؟

ڕەووف عوسمان: ئێمە ئەمساڵ کۆنگرەی سێهەمی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژمان بەست. واتە کۆنگرە ئەو دەستە بەڕێوەبەرییە دیاری دەکات. لەو کۆنگرەیەدا وا کەوتەوە دەستەی تازە 6 کەسی بۆ دەستەی تازەی بەڕێوەبەری هەڵبژارد، جگە لەوەی بەڕێز عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی ئەو خۆی سەرنوسەری گۆڤارەکە بوو، نەخرایە هەڵبژاردنەوە و لە جێگەی خۆی مایەوە. ئەوانەی لەگەڵماندان، بەڕێوەبەری ئیداری و بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەری کاروباری داریمان هەیە. لە نێوان ئەو 6 کەسە+ سەرنوسەری گۆڤارەکە هەڵبژاردنێکی تر کرایەوە، من بە سەرۆکی بنکەکە هەڵبژێردرام.

دەستەی نوێ سیستەمێکی تازەی دانا ئەو پرۆگرامەی هەبوو لە کۆنگرەی ئەمساڵدا کۆمەڵێك دەستکاری و گۆڕانکاریمان تێدا کرد، بە گوێرەی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی بزوتنەوەی ڕووناکبیریمان و ئەو پرنسیپانەی بڕوامان پێیەتی.

پ: کە هەڵبژاردن دەکەن کێن ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە و لەسەر چ بنچینەیەکە..؟

ڕەووف عوسمان: بێگومان ئەو نوسەر و ڕۆشنبیرانە مافی دەنگدانیان هەیە کە لای ئێمە ئەندامن و ژمارەیان پتر لە 200 ئەندامە، ئەوانیش تەواو سەربەستی بیروڕاو و ئەفکاری خۆیان هەیە، گەلاوێژی نوێ بنکەیەك نییە تایبەت بێت بە ڕێکخراوێکی تایبەت یان بە لایەنێك یان بە پارتێکەوە. بنکەیەکە تایبەتە بە هەموو ئەدیب و ڕوناکبیرێکی میللەتەکەمانەوە بە هەموو بۆچوونە سیاسییە جیاجیاکانییەوە. کەسانی زۆری لە خاوەن بیروباوەڕ و ئەفکاری جیاوازی تێدا کۆبۆتەوە لەمپەڕ بۆ ئەو پەڕ، لە هەمان کاتدا هەموویان گونجاو و هاوبیرن لەسەر هەڵبژاردنی ئێمە بۆ بەڕێوەبردنی بنکەکە و ئێمە نوێنەری ئەو نوسەر و ڕۆشنبیرانەین لە دەوری بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ کۆبونەتەوە. لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەین بە جێ متمانەی ئەوان بمێنینەوە و خۆمان تەرخان کەین بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری گەلەکەمان.

پ: لەو بڕوایەدا نین ئێوە جێگەی یەکێتی نوسەرانی کوردتان گردبێتەوە لە کاتێکدا یەکێتی نوسەرانی کورد ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەماوە لە کارکردندا..؟

ڕەووف عوسمان: لە ڕاستیدا یەکێتی نوسەرانی کورد توشی قەیرانێکی گەورە هاتووە، ئەو قەیرانەش ئەنجامی ئەو بارە نائاساییە یە کە ئەمڕۆ کوردستانی باشوری گرتۆتەوە، بۆتە هۆی ئەوەی بە داخەوە ئێستا یەکێتی نوسەرانی کورد بووە بە دوو بەشەوە، بەشێکی لێرەیە(سلێمانی) و بەشێکی لە هەولێرە. ئێمە نالێین جێگەی یەکێتی نوسەرانی کوردمان گرتۆتەوە. بەڵام ئەوەندەی پێمان بکرێت و بۆمان کرابێت، هەوڵمان داوە، کە زۆربەی نوسەرانی کورد لە ژێر چەتری گەلاوێژی نوێدا کۆبکەینەوە، ئەگەر بوار بڕەخسێ و هەلێکی وا بێتە کایەوە، ئاشتی بڕەخسێ ئەو کاتە کۆبونەوەیەکی گشتی بگیرێت و یەکێتی نوسەرانی کورد زیندوو بکرێتەوە و ببوژێنرێتەوە، ئێمە بە هەموو توانایەکمانەوە پشتی دەگرین. بەڵام وەك

بنکەی ڕوناکبیری و ئەدەبی گەلاوێژ، ئێمە هەر دەمێنینەوە و ڕەگمان داکوتاوە و چوینەتە ناو قوڵایی ڕۆشنبیری کوردییەوە، تا ئێستا چالاکی فرەمان ئەنجام داوە. توانیومان ببینە جێ متمانەی کۆمەڵێکی زۆر لەو ئەدیب و نوسەرانەی لە دەورمان کۆبونەتەوە، هەندێکیان ئەنداممان و هەندێکی ئەنداممان نین زۆر جار هاوکاریمان دەکەن بۆ فیستیڤاڵ و کۆڕ و چالاکییەکانمان.

پ: پەیوەندیتان لەگەڵ ئەدیبانی هەولێردا، وەك بڵاوکردنەوە و هاوکاری کردن تا چ ڕادەیەکە و چۆنە..؟

ڕەووف عوسمان: دەتوانم بڵێم ئێستا پەیوەندیمان لەگەڵ ئەدیبانی هەولێردا پەیدا کردووە، زۆر لە برادەرانی ئەوێ ووتار و نوسینمان بۆ دەنێرن و ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە بڵاویان دەکەینەوە. تەنانەت ئەو فیستیڤاڵەی ئەمساڵ ئەنجاممان دا، کۆمەڵێکی زۆر لە برادەرانی هەولێر هاتبوون و هەندێکیان پاداشتیشیان وەرگرت. وەك کاك کەریم دەشتی، بەڵام خۆزگە پەیوەندییەکە پتەو تر دەبوو، زیاتر لامان لەیەکتر دەکردەوە، کە بەڕاستی ئەوەی پێویستە لە لای من ئەدیب دەبێت لەسەروو ئەو شتانەوە بێت کە سیاسەت دیاری دەکات. ئێمە زیاتر بیرە نەتەوەییەکە پێکمانەوە دەبەستێت. کورد یەك ئەدەب یەك ڕۆشنبیری، یەك کەلەپورمان هەیە، پێویستە زیاتر لە یەکتر نزیك بینەوە.

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی: سەرنوسەری گەلاوێژی نوێ

پ: ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی جگە لە دەزگا و چاپەمەنییە حیزبییەکان، گەلێك دام و دەزگای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبی تر هەیە، بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم لایەنە گەشەی شاری سلێمانی هەر لە بنکەی ڕوناکبیری و ئەدەبی گەلاوێژ کۆمەڵێکی تری کارمەندانی ئەم بنکەیەمان بینی بەڕێز عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی سەرنوسەری گۆڤارەکەمان دواند، تا لە نزیکەوە ئاشنامان بکات و لێمان پرسی: ئایا گۆڤاری گەلاوێژی نوێ یان ئەم بنکەیە خواستە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی عەبدوڵڵا تاهیری هێناوەتە دی...؟؟

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی: زۆر سوپاستان دەکەم، کە ئێوە هاتوون بۆ ئەم دەزگایە و بەسەرمان دەکەنەوە و گرنگی بە باری رۆشنبیری ئەمڕۆی کوردستان بە تایبەتی سلێمانی دەدەن. بێگومان ئەدیب خواست و خەونی زۆرە، جیهانی ئەدەبی و رۆشنبیریش مەوداکانی بەرفراوانە، باوەڕناکەم خواستی ئادەمیزاد بە تایبەتی ئەدیب تا مردن وەک ئەوەی دەیەوێ بیهێنێتە دی. بەڵام تاڕادەیەک وەک خۆم کارکردنم لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا، هەندێ لە خواستەکانمی هێناوەتە دی. بە هۆی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژی نوێ و گۆڤاری گەلاوێژی نوێوە بوارێکی باشمان بۆ ڕەخساوە، کە لە مێژەوە بە هیوای ڕۆژگارێکی وا بووین کە بتوانین، بەم شێوەیە کار بکەین، بەڵام ڕەنگە گۆڤارەکە بە پێی ئەو نەخشەیەی کە بۆی داڕێژراوە، خواستی من وەک تاک نەهێنێتە دی، ڕەنگە من خۆم زۆر پرۆژەی ترم هەبێت، لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەری یان گۆڤارێکەوە ئاسان نییە پیادەی کەم. گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، گۆڤارێکە نزیکەی چوار ساڵە دەردەچێت، تا ئێستا 20 * ژمارەی لێدەرچووە، یەکەم جار کاک حسێن عارف سەرنوسەری بووە پاش چەند ژمارەیەک قوبادی جەلی زادە سەرنوسەری بووە و ئێستا من سەرنوسەری ئەو گۆڤارەم و کاک لەتیف هەڵمەت بەڕێوەبەری نوسین و کاک عەتا فایەق و کاک صەلاح محەمەد و کاک زۆراب دەستەی نوسەرانن و کاک مەسعودیش کاروباری هونەری گرتۆتە ئەستۆ.

پ: کێن ئەوانەی نەخشەی ساڵانەی گۆڤارەکە دیاری دەکەن، ئایا هێڵێکی تایبەتیتان بۆ کێشراوە، یان خۆتان نەخشەیەکتان ئامادەکردووە بۆ دەرچوون و دەرکردنی گۆڤارەکە..؟

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی: نەخێر لە لایەن هیچ دەستە و گروپێکەوە، کارێکی وا بۆ ئێمە بەڕێوە نەچووە، بنکەی گەلاوێژ خۆی بۆخۆی ڕێکخراوێکە پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەتی خۆی هەیە، لەو پەیڕەو و پرۆگرامەدا نەخشەی بەڕێوەچوونی گۆڤارەکە داڕێژراوە و شێوەی بابەت و ئەنجومەنی نوسەران دیاری کراوە، لە کاتی داڕشتنی پەیڕەوی ناوخۆی گۆڤارەکەدا ئەوە هاتووە کە ئەم گۆڤارە چۆن بێت..؟ گۆڤارێکی ئەدەبی بێت و بایەخ بە زانستە مرۆڤایەتییەکان بدات، وەک مێژوو، کلتور و سیاسەت. ئەم هێڵەی بۆی داڕێژراوە، هەر لە کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژەوە وا هاتۆتە ئاراوە. بێگومان یەکەم دەستەی دامەزرێنەری بنکەی گەلاوێژ ڕۆڵیان هەبووە لە دروست کردن و دانانی بناغە و

پەیڕەوپڕۆگرامەکەی دا، کە دەتوانین لە ڕووی ئەمکدارییەوە وەك ناومێنان بڵێین: بەڕێزان حسێن عارف، ڕەووف بێگەرد، لەتیف هەڵمەت، قوبادی جەلی زادە و کۆمەڵێکی تری ئەدیب و نوسەرانی تر کە نزیکەی 20 کەسێك دەبووین و بەندە(عەبدوڵلا) شی تێدا بوو، لە ئەنجومەنی دامەزراندنی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژدا. لە کاتی دانانی پەیڕەوپڕۆگرامەکەیدا چەندوچون و موناقەشەیەکی زۆری لەسەرکرا تا گەیشتینە ئەم دۆخەی ئێستای.

پ: بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ دامەزراوێکی حکومی‌یە یان سەر بە لایەن و گروپێکی سیاسی تایبەتە..؟

عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی: نەخێر بنکەکەمان نە حکومی‌یە نە حیزبی‌یە، سەر بە هیچ لایەن و گروپێکی سیاسی تایبەت نی‌یە، توانیویشمانە بێلایەنی خۆمان بپارێزین. هەن یارمەتیمان دەدەن. بەڵام هیچ کاتێك هیچ یەکێك لەو لایەنانەی یارمەتیمان دەدەن، بیروڕای خۆیان بە سەرماندا فەرز نەکردووە و داوای هیچ کارێکی تایبەتی و دیاریکراوی لێ نەکردووین. ئەوندەی گرنگی بە لایەنی کێشە ئەدەبی و ڕۆشنبیری‌یەکان دەدەین، هێندە خۆمان نەخستۆتە ناو کێشە سیاسی‌یەکانەوە و خۆمان لەو بوارە نەداوە. هەوڵ دەدەین زۆربەی نوسەران بە هەموو ڕێبازە جیاجیاکانیان و بیروبۆچونەکانیانەوە لێمان نزیك بنەوە.

پ: پلانی داماتوتان و ئەو پرنسپانەی گۆڤارەکەتانی لەسەر داڕێژراوە چین..؟

عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی: وەك نەخشە بۆ داڕشتنێك گۆڤارەکە دوو مانگ جارێك دەردەچێت، ماوەیەك هەوڵمان دا مانگی جارێك بڵاوی بکەینەوە، دوای چەند کۆبونەوەیەك وا بە باش زانرا، هەر دوو مانگ جارێك بڵاویکرێتەوە، بەڕای من هێندە بڵاوکراوە و گۆڤار دەردەچێت دەبێت تایبەتمەندی‌یەك هەبێت لە دەرکردنی گۆڤارێکی وەك گەلاوێژی نوێدا.

گۆڤارەکە پەیوەندی بە بنکەوە هەیە و گۆڤارێکی تایبەتی‌یە و بنکەی گەلاوێژ دەری دەکات، یەکێکە لە کاروچالاکی‌یە ناودارەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ. لە پاڵ ئەوەشدا کۆمەڵێ کار و چالاکی تر ئەنجام دەدەین بۆ نموونە ئەمساڵ چوارەمین فیستیفاڵی گەلاوێژ سازکرا کە کۆمەڵێك کۆڕ و سمیناری تێدا سازکراو چیرۆك و شیعری تێدا خوێندرایەوە. نوسەرانی

جۆربەجۆر لە بیروبۆچووندا بەشداریان تێدا کرد و خەڵاتی بەسەردا دابەش کرا. پرۆژەی چاپکردنی کتێبمان هەیە و ساڵانە (15 تا 20) کتێبی بەنرخ چاپ دەکەین.

سەبارەت بە پلانی داهاتوومان پرۆژە زۆرە، ئێستا باسیان ناکەین تا دڵنیا نەبین لەوەی دەکەوێتە کارپێکردن و جێ بەجێ کردنەوە. یەکێك لەو پرۆژانەی بەدەستمانەوەیە دەرکردنی ژمارەی تایبەتی گۆڤاری گەلاوێژی نوێیە بە زمانی عەرەبی، کە پێك دێت لە هەڵبژاردەیەکی ئەو بابەت و نوسینانەی تا ئێستا لە تێکڕای ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری گەلاوێی نوێدا بڵاوکراوەتەوە. وەك دەقی شیعری کوردی، چاوپێکەوتن، چیرۆك، لێکۆڵینەوە. ئەمە وەك نزیك بوونەوەیەك لەگەڵ نووسەرە عەرەبەکاندا تا ئاگایان لە بەرهەمی ئەمڕۆی کوردی بێت.

پ: جیاوازی نێوان بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ لەگەڵ دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی سەردەم دا چییە..؟

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی: جیاوازی بنکەکەی ئێمە لەگەڵ دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی سەردەم دا ئەوەیە، ئەوان دەزگایەکی تایبەتن بە بڵاوکردنەوە، کۆمەڵێك گۆڤار و بڵاوکراوەی جیاواز و کتێب و بڵاوکراوەی جۆربەجۆر دەردەکەن، بەڵام بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ زیاتر کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیرین، تەنها گۆڤاری گەلاوێژی نوێ و ساڵانە چەند کتێبێکی دیاری کراو بڵاودەکەینەوە، لەگەڵ جۆرەها چالاکی و کۆڕ و سمینار و فیستفاڵی ڕۆشنبیری، کە تا ئێستا چوار جار ئەنجام دراون و ساڵانە 60 تا 70 ئەدیب بەشداری تێدا دەکەن، هەندێکیان لە دەرەوەی کوردستانەوە دێن و ئەمساڵ چەند ئەدیب و نوسەرێکی عەرەبیش بەشداریان کردبوو، کە لە عێراق و سوریا دەژین.

ئێمە کۆمەڵەیەکین ئەندامان زۆرە و هەر یەکەی بەگوێرەی بیروبۆچوونی خۆی کارمان لەگەڵ دەکات، هەوڵمان نەداوە هێڵێکی دیاری کراو یان ئایدۆلۆجیا ڕێکخراوەکەمان دیاری بکات. بەڵکو کۆمەڵەکەمان ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیرییە بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی. کوردی بە هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانی ئەدەبی کوردییەوە.

پەیوەندیمان لەگەڵ ئەدیب و نوسەرانی هەولێردا باشە، بانگێشتنیان دەکەین بۆ کۆڕو کۆبونەوە و فیستیفاڵەکانمان و تا ئێستا ئەدیبانی هەولێر لە هەر چوارساڵەکەی

فیستیفاڵەکەماندا بەشداریان کردووە. بەرهەمی نوسەرانی ئەوان بڵاودەکەینەوە و داوای بەرهەمیان لێدەکەین و هەوڵ دەدەین پەیوەندی لەگەڵ نوسەرانی شوێنەکانی تری کوردستاندا ببەستین بە تایبەتی دهۆک، چونکە ئێمەی نوسەران هیچ ڕێگرێك لە نێوانماندا نییە دابەشمان بکات، هەموومان بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری کورد دەنوسین.

پ: دووا ووتەتان... !

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی: زۆر جار لەملاولا باسی ئەوە کراوە، کە ئێمە بەدیلی یەکێتی نوسەرانی کورد بین، نەخێر ئێمە هەرگیز ئەوەمان نەوتووە و لە هیچ بۆنە و گفتوگۆیەکیشماندا، گوزارشتمان لەو بۆچوونە نەکردووە. هەر کاتێك ئەو بۆچونانە باس کرا بێت ئێمە ڕەتمان کردۆتەوە. بنکەی گەلاوێژ ناتوانرێت و ناکرێت ببێت بە بەدیلی یەکێتی نوسەرانی کورد، لە کاتێکدا نوسەران مێژوویەکی دێرین پڕ لە خەباتی خۆی هەیە. کارێکی سروشتیشە لە وولاتێکدا زیاتر لە دامەزراو و ڕێکخراوێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەبێت و بە کارێکی گونجا و شەرعی دادەنرێت، بەڵام وەك بەدیل ئەوە هەرگیز وانییە. ئێمە وەك بنکەی گەلاوێژ بە تایبەتی گۆڤارەکەمان دەیەوێت پردێك لە نێوان خۆی و ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی دەرەوەی کوردستاندا دروست بکات، بە هۆی بەرهەم و نوسین وەرگێڕانەوە لە زمانە زیندووەکانی جیهانەوە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ دەوڵەمەند تر بکەن. پێمان خۆشە و ئامادەین هەرچی بەرهەمێکی باش لەدەرەوە بێت، لە بابەتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و شیعر و چیرۆك و دەقی وەرگێڕان، بڵاوی بکەینەوە ئەوانەی چەندین ساڵە لە دەرەوەن و زمان دەزانن و شارەزای کەلتوری وولاتان بوون، خۆزگە هاوکاریان دەکردین و ئێمە ئامادەین ئەو پردە دروست بکەین.

*لەتیف هەڵمەت بەڕێوەبەری نوسینی گەلاوێژی نوێ:*

پ: چۆن بنکەی گەلاوێژ و گۆڤاری گەلاوێژی نوێ دامەزرا..؟

لەتیف هەڵمەت: بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ و گۆڤاری گەلاوێژی نوێ لە هەل و مەرجێکی مێژووییدا دامەزرا، ئەوە بوو کۆمەڵێك لە نوسەران، هەستیان بەوە کرد، کە یەکێتی

نوسەرانی کورد نەماوە و یانەیەکی ئەدەبیش نییە بیانگرێتە خۆی لەو کات و دەمەشدا، وەکو ئێستا دام و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بەم شێوەیە دانەمەزابوو وەک دەزگای سەردەم و زاموا و خاک...هتد نەبوون لە سلێمانیدا، گۆڤارێکی ئەوتۆش نەبوو بە پێی ئەو زرووف و بارودۆخە بەرزەی کە ئەدەبی کوردی ئێستای تێدایەو ئەو هەموو قەڵەمە بگرێتە خۆی. کۆمەڵێک لە نوسەران کۆبوونەوە و وا بە باش زانرا، بنکەیەکیان هەبێت. ئەو کۆمەڵە بوون بە دەستەی دامەزرێنەری بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژی نوێ. بۆ ئەم مەبەستەش هەڵبژاردن کراو دەستەی بەڕێوەبەر و سەرۆکی بنکە هەڵبژێردرا، بڕیاریش درا بنکە گەلێک چالاکی جۆربەجۆری ساڵانە ئەنجام بدات. یەکێک لەو چالاکیان گۆڤارێک دەربکات بە ناوی گەلاوێژی نوێوە. هەروەها ساڵانەش چەند کتێبێک چاپ بکات، تا ئێستا دەیان کتێبی نایاب و شاکاری چاپ کردووە، ئەگەر خاوەنەکانیان بیانویستایە لەبەر دەست کورتی و بێ دەرامەتی نەیان دەتوانی چاپی بکەن. چاپەمەنییەکانمان هەر لە سلێمانیدا نامێنێتەوە، دەنێردرێن بۆ شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان و شارەکانی ئێران و عێراق و هەندەرانیش. بە تایبەتی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ بە گەلێک کوچە و سوچی دنیا دەگات و نامەیەکی زۆرمان لە گەلێک نووسەران و ڕۆشنبیرانەوە بۆ هاتووە، کە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ بە یەکێک لە گۆڤارە ئاست بەرزەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کوردی لە قەڵەم دەدەن، چ لە بۆتەی هونەری و چ لە بۆتەی ناوڕۆکی ئەدەبیدا.

پ: خواستی ئێوەیە کە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ببێتە قوتابخانەیەک یان هەست دەکەن ئیزافەیەکی تری ئەدەبی کوردی بێت..؟

لەتیف هەڵمەت: خواستی ئێمەیە گەلاوێژی نوێ پەرە پێبدەین، با ئەوەشم لە بیر نەچێت کە ناوی ئەم گەلاوێژی نوێیە، هەر لە درێژبوونەوەی گۆڤاری گەلاوێژە کۆنەکەی ساڵانی ١٩٣٩ – ١٩٤٩ ی مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد و عەلادین سەجادییەوە هاتووە، هەر بە یادی ئەو ناوەوە ناونراوە، بەڵام هەر نوێیەکمان خستۆتە پاڵی، چونکە لەسەردەمێکی نوێ تردایین وەک من بۆی دەچم.

بێگومان گەلاوێژی ئەوسا ڕۆڵی گرنگی خۆی بینیوە لە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا و گەلاوێژی نوێی ئێستاش دەبێت ڕۆڵی هاوچەرخانەی خۆی ببینێت. ئەو لە بارودۆخێکی

تایبەتی پەیوەست بەو ڕۆژگارە ڕۆڵی خۆی بینیوە، گەلاوێژی نوێش بە باروترخێکی تایبەتی و پەیوەست بەم هەل و مەرج و ڕۆژگارە نوێیەی ئێستادا کە چووینەتە سەدەی بیست و یەکەمەوە، دەبێت ڕۆڵی گرنگی خۆی ببینێت.

لەو باوەڕەدام ئەو نوسەرانەی کە مامەڵە لەگەڵ گەلاوێژی نوێدا دەکەن، چ لە دەرەوەی کوردستان و چ لە ناوەوەی کوردستان، هەموویان قەڵەم ڕەنگین و و قەڵەم سەنگینن و ئێمەش بە پشتیوانی خوا و ئەو قەڵەمانە و بە ماندووبوونی کارمەندانی ناو گۆڤارەکە و دەستەی نوسەران، لام وایە دەتوانم بڵێم گۆڤاری گەلاوێژی نوێ لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. ئامانەوێ هەر لەم ئاستەدا بمێنێتەوە، دەمانەوێ بیخەینە ئاستێکەوە کە بەتەواوی پڕبە پێستی سەدەی 21 بێت.

پ: لەو باوەڕەدان ئەو گۆڤارانەی لە دەزگای سەردەمەوە، دەردەچن لە ڕووی ناوەڕۆك و شێوە و ئاستەوە جیاواز ترین لەگەڵ گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا..؟

لەتیف هەڵمەت: ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانەی لەوێ دەردەچن، لەبەر ئەوەی ئەو دەزگایە بودجەیەك و دارایییەکی لە ئێمە زیاتریان بۆ تەرخان کراوە هەر بۆنموونە گۆڤاری سەردەم و برادەرانی ئەوێش، هەل و مەرجی باشتریان بۆ ڕەخسێنراوە. ئەوان چەند گۆڤارێك دەردەکەن. گۆڤاری سەردەم تایبەتە بە وەرگێڕان، ئیتر لە هەر زمانێکەوە بێت، ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی و تورکی ...هتد ئەوە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە. گۆڤاری ئایندەش گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە زیاتر بایەخ بە لایەنی هونەری شێوەکاری و شانۆ و دەقی ئەدەبی دەدات. بەڵام ئێمە لە گەلاوێژی نوێدا زۆر تر بایەخ بە دەقی ئەدەبی دەدەین لە هەموو شێواز و ڕێبازە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکاندا، هەروەها بابەتی وەرگێڕان بڵاودەکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەر لە دەرەوە بۆمان نەیەت ئەوا خۆمان لە دەستەی نوسەران بابەت وەردەگێڕین و ئامادەی دەکەین. وەك پێشتریش ووتم لەو بوارانەدا گەلێك ئیشی باش کراوە و لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا گۆشەی تایبەتی خۆی هەیە کە لە گۆڤارەکانی دەزگای سەردەم دا نین و ئەگەر لاپەڕەکانی گۆڤاری سەردەم و ئایندە هەڵبدەیتەوە و لەگەڵ گەلاوێژی نوێدا بەراوردیان بکەیت، جیاوازییەکان بە ئاشکرا دەردەکەون و لە هیچ خوێنەرێك نەشاراوەتەوە.

پ: به قسەکانی جەنابتدا دیارە، گۆڤارەکەتان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، کە لـە گۆڤارەکانی ترتان جیادەکاتەوە، دەتانەوێ شێوەیەکی تایبەتی بۆ گۆڤـاری گـەلاوێژی نـوی دروست بکـەن، ئایا ئەم گۆڤارە خواستە ئەدەبی‌یەکانی لەتیف هەڵمەتی هێناوەتە دی..؟

لـەتیف هەڵمـەت: ئێمـە لـە ژیـاندا هیـچ خواسـتێکمان نەهاتوتـە دی، ئەگـەر هەندێکیشـیان هاتبێتەدی، ئەگـەر قەناعـەتی پـێ بکـەین هیچمان نـەکردووە، گەیاندومانەتـە ئاستێك، ڕەنگە خۆمان لێی ڕازی بین، بەڵام نامەوێ هەر لەم ئاستەدا بمێنێتەوە، دەمەوێ بەرەو بەرز تر و باشتر بچێت، من دڵنیام داهاتوو بە گوڕمێکی ترەوە دێتە پێشەوە، ئێمەش دەبێـت سـوود لـەو گوڕمـە ببینین و بە گوڕمتر بڕۆین بەرەوە پێشەوە.

پ: سوپاس کاك لەتیف هەڵمەت دەمانەوێ جەنابتان شتێکی تایبەتیتان هەبێت بە خوێنەرانی کوردی بڵێن..!

لەتیف هەڵمەت: بنکەی گەلاوێژ ساڵی جارێك هـەڵبژاردنی هەیـە، دەستەی بەڕێوەبـەری بنکـە ئازادانە دەگۆڕێت، ئەم ساڵ بڕیاردرا هەڵبژاردن ببێت بە دوو ساڵ جارێك، من لێرەدا حەزدەکـەم ڕێزی تایبەتیم بۆ برادەرانی پێش خۆمان تۆمار بکەم، مامۆسـتا حسـێن عـارفی ڕۆمـانووس، کـە یەکەم سەرنووسەری گۆڤاری گەلاوێژی نوێ بوو، هەروەها کاك قوبـادی جـەلی زادە و کـاك ئازاد بەرزنجی کە یەکەم سکرتێری نوسین بوو، ئێستە دوور کەوتونەتەوە لە شوێنی تـر کـار دەکـەن. ئێمە سکرتێری نوسینمان لابرد، بەڕێوەبەری نوسینمان بۆ گەلاوێژی نـوێ دانـاوە. جگـە لەمانـە دەمەوێ هەندێ شتی تر بڵێم، ئێمە بە هەوڵ و کۆششی تایبەتی خۆمان پەیوەندی بـە ئـەدیب و نوسەرانی بەشەکانی تری کوردستانەوە دەکەین، بۆ نموونە بە نوسەرانی کوردستانی ئێرانـەوە. تـا ئێسـتا گـەلێك بابـەتی جـوان دەگمـەنی ئـەوانمان پێگەیشـتووە، پێمـان خۆشـە کـە بۆیـان بڵاودەکەینەوە. لە گەلاوێژی نوێدا بایەخێکی زۆر دەدەیـن بـەو نوسـەرە کوردانـەی بـە فارسـی دەنوسن و بەرهەمـەکانیان دەکـەین بـەکوردی و بـڵاوی دەکەینـەوە. فـایلێکی تایبـەتیمان بـۆ نوسەری کوردی سوریا سەلیم بەرەکات کردووە و دیدارێکی تێرو تەسەلمان بۆ لەگـەڵ نوسـەری کوردی فارسـی نـووس ئیبراهیمی یونسـی سـازکردووە. لـە نـاو عێراقیشـەوە گـەلێك نووسـەر هاوکاریمان دەکەن و بەرهەممان بۆ دەنێرن هەندێکیان بـە نـاوی خۆیـان و هـەندێکیان بـە نـاوی

خوازراوەوە، نوسینەکانی ئەوانیش مایەی شانازی ئێمەیە. شتێکی تر ماوە دەمەوێ بیڵێم گۆڤاری گەلاوێژی نوێ تاقە گۆڤارێکە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەت و بارودۆخی سیاسییەوە نییە و گۆڤارێکە لە 100% گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە. ئەو جێگایانەش کە کۆمەکی دارایی بۆ دابین دەکەن، دەڵێن حەزدەکەین گۆڤارەکە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سەربەخۆ بێت و دوور بێت لە سیاسەتەوە، ئەوەش مایەی خۆشحاڵییە بۆ ئێمە.

پ: کەواتە ئێوە لەسەر ئەو بێلایەنییەی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ جێتان بۆتەوە...؟

لەتیف هەڵمەت: بێگومان لەسەر تیشکی ئەو بێلایەنییە، لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا کار دەکەین، ئێمە لەگەڵ سیاسەتدا کار ناکەین، ئێمە بۆ ئەوە ئیش دەکەین، بۆ ئەوەی جوانترین دەقی ئەدەبی کوردی بڵاوبکەینەوە، گەورەترین خزمەتی ئەدەبی کوردی بە شیعر و بە چیرۆکەوە بە هونەری شێوەکاری و شانۆ و ڕۆمانەوە بکەین. گەلێك پڕۆژەمان بۆ ئاینده هەیە نامەوێ لێرەدا بیانڵێم، چونکە پڕۆژەکان تایبەتین بە کارمەندانی گۆڤارەکە و بنکەکەوە با بمێنێتەوە بۆ ئاینده کە دەبێتە مایەی خۆشحاڵی دۆستانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژی نوێ.

*صەلاح محەمەد ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ:*

هەر لە بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژی نوێ ویستمان لەگەڵ بەڕێزان کاك صەلاح محەمەد و کاك عەتا قەرەداخی و کاك زۆراب ئەندامانی دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکە هەندێ ئاخاوتن بکەین، بەداخەوە تەنها شاعیری ووشە ناسك صەلاح محەمەدیمان چنگ کەوت و بەم شێوەیە بۆمان دووا:

صەلاح محەمەد : سەرەتا بە بەخێرهاتنەوەتان دەکەم و سوپاس بۆ ئەو ئەرکەتان بۆ بەسەرکردنەوەی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە و چەند بوارێکی جیا جیای گرتۆتە خۆی دەربارەی ئەدەب و کلتور و ڕۆشنبیری کوردی، ساڵی پار توانیمان 25 کۆڕ و گەلێك سمینار و فیستیفاڵێکی ساڵانە ساز بکەین، ئەوکاتە لێپرسراوی ئیداری بنکە بووم، لەم ساڵیشەوە لە دەستەی نوسەراندام، بنکە بڕیاری داوە هەڵبژاردن بکرێت بە دوو ساڵ جارێك.

**پ: دەربارەی ئیش و کارەکانی خۆت لە ناو گۆڤارەکەدا..؟**

صەلاح محەمەد: هەموو نوسەر و شاعیرێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە بواری نوسین و کاری خۆیدا، ئەو نوسین و دەقانەی کە پێمان دەگات، بە ئاگاداری و بەچاوێکی ڕۆشنبیری و ڕەخنەگرانەوە، وەك هەڵسەنگاندنێك، دەیانخوێنینەوە و پەراوێزی خۆمانی لەسەر دەنوسین و دەینێرین بۆ بەڕێوەبەری نوسین و سەرنووسەر. ئێمە بە چاوێکی عایلانە و بە ئینسافەوە سەیری ناوەڕۆك و شێوەی نوسینەکان دەکەین ناڕوانینە ناو و ناوبانگی خاوەن دەقەکە یان نەناسراوی ئەو کەسە، بەڵکو سەلیقە و خوێندنەوەی خۆمان و هێزی نوسینەکە دەکەین بەسەر پشك بۆ هەڵبژاردنی نوسینەکان، گەلاوێژی نوێ بە شایەتی زۆر کەسان یەکێکە لە گۆڤارە سەرکەوتووەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کورد.

ئیشەکەی ئێمە دەکەوێتە خانەی ڕۆژنامەنووسییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گەلاوێژی نوێ ئاسۆیەکی نوێی بۆ من کردۆتەوە، وەك شاعیرێك خۆم لە بواری کارەکەی خۆمدا دۆزیوەتەوە و توانیومە ڕۆژانە کاری دڵخوازی خۆم پەیڕەو بکەم و زیاتر ئاشنا بم بە هاوڕێ نوسەرەکانم و لە نزیکەوە بە هۆی نوسینەکان و خۆیانەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەم، زیاتر شارەزایی پەیدا بکەم لە بواری کاری ڕۆژنامەگەریدا. لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەکەم چڕتر بۆتەوە بۆ دەقی ئەدەبی و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانین تا باشترین نوسین لە گۆڤارەکەماندا دابەزێت.

**حەز دەکەین نوسەرانی دەرەوە نوسینمان بۆ بنێرین تا لە گەلاوێژی نوێدا بڵاوبێتەوە**

## بەشی ڕۆژنامەنووسی لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی هەنگاوێکی دڵخۆشکەری بواری ڕۆژنامەگەری کوردییە

لە فیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانیدا چاومان بە بەڕێز مامۆستا ڕەفیق صالح ئەحمەد سەرۆکی بەشی ڕۆژنامەنوسی لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی کەوت و چەند زانیارییەکی گرنگی لەسەر ئەم بەشە نوێیەی پەیمانگاکەیان پێداین، حەزمان کرد خوێنەرانی خۆشەویست و تارلوگە کەمەکێك ئاگاداری ڕووی گەش و پێشکەوتنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کورد بن لە وڵات.

پ: بەڕێز مامۆستا ڕەفیق چۆن بیر لەوە کرایەوە، بەشێك بە ناوی ڕۆژنامەنووسی یان ڕاگەیاندن لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بکرێتەوە..؟

ڕەفیق صالح: پاش تێپەڕبوونی ١٠٠ ساڵ بە سەر یادی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان)دا کە لە ٢٢ ی نیسانی ١٨٩٨، یەکەم ژمارەی لە قاهیرە دەرچووە، بەشی ڕۆژنامە نووسی لە پەیمانگاکەمان، بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانی گەلەکەمان کرایەوە، بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٥ / ١٢ / ١٩٩٩ ەوە خوێندن لەم بەشەدا دەستی پێکرد و بە دابین کردنی پێویستییە گرنگەکانی وەك کەرەسەی خوێندن، بەرنامەی خوێندن، خوێدکار و مامۆستا پێویست.

کردنەوەی ئەم بەشە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستانیشدا ئەزموونێکی تازەیە کە لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی کراوەتەوە و سیستەمی وەرگرتنی خوێندکاران لە لای ئێمە قبوڵ

مەرکەزییە، بەڵام ئەمساڵ وەرگرتنی تایبەتی پەیڕەو کراوە، ئەو کادرانەی گرتەوە کە ل دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوچەکەی ئێمەدا کاردەکەن، بەڵام وەک سەرەتایەک لە ساڵی داهاتووەوە، لەسەر وەرگرتنی ئاسایی جاران(قبول مەرکەزی) دەست پێدەکەین.

پاش ئەنجام دانی کۆمەڵێك تاقی کردنەوەی تیوری و پراکتیکی خوێندکارەکان، لەسەرجەمی ٨٧ داواکاری تەنها (٢٦ ) خوێندکار لەم بەشە وەرگیران و سیستەمی خوێندن پەیڕەوی کۆرسات دەکات و لە ماوەی دوو ساڵ دا دەبێت خوێندنەکە تەواو بکرێت. واتە دەبێت خوێندکار چوار کۆرس وەربگرێت حاڵی حازر* ئەم گروپە کۆرسی یەکەم و دووەمیانیان تەواو کردووە و کۆرسی دووەمیشیان دەست پێکردووە، ئەو وانانەی لەم لەم کۆرسانەدا دەخوێندرێن ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کاری ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە. وەکو تویژییەکانی ڕاگەیاندن، هونەری ڕۆژنامە نووسین، ئەرشیفی ڕۆژنامە نووسی، بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە و گەلێك وانەی جۆربەجۆری تر.

سەرەتا بەشەکەمان ڕووبەڕووی کێشەی کەمی سەرچاوە و نەبوونی کادری شارەزا و پسپۆڕ بووەوە لە بواری ڕۆژنامە نووسی دا. سەبارەت بە سەرچاوە و پرۆگرامی خوێندن هەر زوو توانیمان، بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزان، زاڵ بین بەسەر ئەو کۆسپەدا. تا ڕادەیەك توانیمان کتێبخانەکەی پەیمانگا ئاوەدان بکەینەوە و ئەو کەلێنەی لە بواری ڕۆژنامە نووسی و ڕاگەیاندندا هەمان بوو پڕکرایەوە، خۆشبەختانە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بە دەنگ بانگەوازەکەمانەوە هاتن و مامۆستایانی پسپۆڕ و تایبەتمەند کە شارەزان لە زانستی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندندا وەك مامۆستا شێرکۆ مەنگوڕی کە کارمەندێکی بەسەلیقە و لێهاتووی ئەو بوارەیە و دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی بەغدایە، وەك مامۆستا لە بەشەکەدا یارمەتییەکی بێئەندازەی داین.

پ: لەسەر چ پەیڕەو پرۆگرامێك بنچینەی بەشی ڕۆژنامە نوسیتان داڕشتووە و کێن ئەو پسپۆڕانەی پرۆگرامەکەیان ئامادە کردووە ئەو مامۆستایانەش کە وانە دەڵێنەوە..؟

ڕەفیق صالح: حەزدەکەم ئاماژە بەوە بدەم، ئەو پرۆگرامەی لەم بەشدا دەوترێتەوە، پشتمان بە بەرنامەی خوێندنی کۆلێجی ئادابی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی بەغدا بەستووە بە کەمێك دەستکارییەوە، زۆر سودمان لێوەرگرتووە، یەکێك لەو وانانەی لە بەشی ڕۆژنامەگەری

دەستکارییەوە، زۆر سودمان لێوەرگرتووە، یەکێك لەو وانانەی لە بەشی ڕۆژنامەگەری دەخوێندرێن، مێژووی ڕۆژنامە نووسییە، ئەمە سەبارەت بە بەرنامەی خوێندن و کادری پسپۆڕ لە داهاتووشدا هەوڵ دەدەین، ئەم بەشە پێش بخەین و زیاتر گەشە بکات بە پێی ئەو هەواڵانەی پێمان گەیشتووە، زۆر کادری پسپۆڕ لە هەندەرانەوە بە نیازن بگەڕێنەوە بۆ وولات و بۆ ئەوەی وەك مامۆستایەك لەم بەشەدا دەرس بە قوتابییەکان بڵێنەوە، هەروەها لە زانکۆی سلێمانیش بە نیازن ئەمساڵ بەشی ڕاگەیاندن لە کولێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بکەنەوە، برادەرێك کە دکتۆرای هەیە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا بڕیاری داوە بە یەکجاری بگەڕێتەوە بۆ وولات دیارە بەشەکەی ئێمە و بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی دەتوانێ سوود لە بەهرە و شارەزایی ئەو مامۆستا بەڕێزە وەربگرێت.

جگە لەوە لە ناوچەکەی ئێمەدا چەند خاوەن بڕوانامەیەکی ماستەر و بەکالۆریۆس هەن لە بواری ڕۆژنامەنوسی و مێژووی ڕۆژنامەنوسیدا پسپۆڕن لە داهاتوودا دەتوانین زیاتر سوود لە ئەزموون و بەهرەیان وەربگرین.

پ: هەوڵتان نەداوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندنی بەشەکانی تری هەرێم دا بە تایبەتی هەولێر و دهۆك زانیاری و بیروڕابگۆڕنەوە و پەیوەندی قوڵ بکەنەوە لەسەر ئاستی زانستی دا..؟

ڕەفیق صالح:بەداخەوە تا ئێستا هیچ پەیوەندی و تەنسیقێکی ئەوتۆ نەکراوە، بەڵام بەهەمان شێوە لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێریش هەمان بەشی ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن کراوەتەوە، ئێمە پێمان باشە تەنسیقێك هەبێت لە نێوان ئێمە و ئەواندا، لەسەر ئاستی پەیمانگا بۆ گەڵاڵەکردنی بەرنامەی خوێندن و گۆڕینەوەی بیروڕا و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی یەکتر، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەو هەنگاوە نەنراوە، ئێمە وەك ئیدارەی بەشەکەمان ئامادەین بە هەموو شێوەیەك هاوکاریان بکەین و نازانین برادەرانی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر چەند ئامادەییان تێدایە بۆ ئەم کارە..؟

پ: مامۆستا ڕەفیق ئەوە هەر حەزکردنە یان ئێوە هەنگاوتان ناوە و پەیوەندیتان پێوەکردوون بۆ هاوکاری کردن..؟

ڕەفیق صالح: ئەمە حەز و ئارەزوو ویستی ئێمەیە، کە ئەو هاریکارییە ببێت و هەر دەبێت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو یەکگرتن و کۆکردنەوەیە ڕوو بدات لەژێر چەتری خوێندنی پەیمانگا تەکنیکییەکانی کوردستاندا. بێگومان لەبەر سەرقاڵی و لەبەر ئەوەی ئەم خوێندنە تازەیە لە پەیمانگاکەماندا، سەرەتایەکیشە لە بەشی ڕۆژنامەنووسیدا نەمانپەرژاوەتە سەر ئەوەی ئەو دەستپێشکەرییە لە ئێمەوە بێت و پەیوەندیان پێوە بکەین.

حکومەتی هەرێمی دەڤەرەکەی ئێمە لە چاو ئەولادا، توانای مادی زۆر کەمە و هەر ئەوەندەیان توانا هەیە درێخیان لە باربوو یارمەتیدانمان نەکردووە. من وەك سەرۆکی بەشەکە پابەندی کۆمەڵێك کاری ترم و سەرقاڵی کردووم، بەداخەوە نەمپەرژاوەتە سەر ئەو لایەنە، تا پەیوەندیان پێوە بکەم و ئەوانیش هیچ پەیوەندییەکیان پێوە نەکردووین، ئێمە پێشمان خۆشە ئەو تەنسیق و هاریکارییە ڕووبدات. مامۆستاکانی لای ئێمە بچنە ئەوێ و سوود لە ئەزموون و بەهرەکانی ئەوان وەربگرن و ئەوانی ئەوانیش بە هەمان شێوە بێنە ئێرە، بە تایبەتی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییانەی لە بواری خوێندن و بەرنامە و کادری پسپۆڕی هەردوولادا هەیە.

پ: حەز دەکەین باسی بەشەکەی خۆتانمان بۆ بکەن و لە بەشی ڕۆژنامەنوسی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانیدا چەند مامۆستا و کارمەند کاری تێدا دەکەن..؟

پ: ڕەفیق صالح: لە ڕاستیدا وەك سەرۆکی بەش تەنها من ئەرکی بەڕێوەبردنی بەشی ڕۆژنامەنوسیم کەوتۆتە ئەستۆ، پسپۆڕییەکەی من لە بواری کارگێڕی و ڕێکخستندایە، بەڵام لە لایەن ڕاگرایەتی پەیمانگای سلێمانییەوە، من دەستنیشان کرام بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بەشە. ئەویش بە حوکمی ئەو ئەزموونە دوورو درێژەی لە بواری سەرۆکایەتی بەشی بەڕێوەبردندا هەم بووە. حاڵی حازر دوو کارمەندی پسپۆڕمان بۆ وانە ووتنەوە لە بواری ڕۆژنامەنووسی هەیە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن و ئەوانی تریش بەکالۆریۆسیان لە هەمان پسپۆڕیدا هەیە. جگە لەو دوو مامۆستایە پشتمان بە چەند مامۆستایەکی موحازیر بەستووە لە دەرەوەی پەیمانگا بۆ نموونە دکتۆر دڵشاد عەلی مامۆستایە لە کۆلێجی زمانەوانی زانکۆی سلێمانی و لای ئێمە وانەی زمانی ڕاگەیاندن دەڵێتەوە و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵیش وانەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی لە

جیهاندا دەڵێتەوە و دکتۆر حەمە دلێر میسریش کە تێزی دکتۆراکەی لە بواری ڕۆژنامەنووسی کوردیدایە، وانەی جۆرەکانی ڕاگەیاندن دەڵێتەوە.

پ: لەم پێشەنگایەی فیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگاکەتان بە تایبەتی لەم بەشەی ئێوەدا، دەردەکەوێت ئەزموون و مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیتان کردووە بە بنەمای کردنەوەی بەشی ڕۆژنامەنووسی و ووتنەوەی وانەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، ئایا تا چەند سووتان لە ئەزموونی ڕۆژنامەگەری جیهانی وەرگرتووە..؟

پ: ڕەفیق صالح: سەبارەت بە خودی خۆم ڕاستە پسپۆرییەکەم لە بواری بەڕێوەبردن و کارگێریدایە، بەڵام وەك ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی حەزم بە ئەرشیف کردنی چاپکراو و بڵاوکراوە کوردییەکان کردووە. هەستم کردووە بەهۆی ئەو هەل و مەرجە سەختەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە، وەك میللەتێکی داگیرکراو و پارچەپارچەکراو، کتێبخانە و ئەرشیفخانەیەکی دەوڵەمەند و ڕێکخراومان نییە بە شێوەیەکی نوێ و زانستی، کە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکانی تێدا پارێزرابن، ئەوانەی هەش بن تاك و تەرا و نیوە ناچڵن. کتێبخانەیەکی وەك کتێبخانەی گشتی سلێمانی، چەندەها جار بەر شاڵاوی ڕاگواستن و تاڵانکرد و لە ناوبردن بۆتەوە، لەبەر ئەوە من وەك هیوایەتێك لە مێژەوە سەرقاڵی کۆکردنەوە و ئەرشیف کردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکانم. بە دڵنیاییەوە دەڵێم من حاڵی حازر خاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکانم. بەرهەمی دانسقەی وا لە ئەرشیفەکەی مندا هەیە، لە شوێنی تر نموونەیان نییە. بە خۆشحاڵییەوە لەم ئەرشیفەی من دا، ڕۆژنامەکانی (پێشکەوتن، ئومێدی ئیستیقلال، زاری کرمانجی، ژیان، ژیانەوە و ڕووناکی کە لە شاری هەولێری خۆشەویست دەردەچوو) هەروەها هەندێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەست دەکەون. خۆشبەختانە ئەمساڵ هەموو ژمارەکانی گۆڤاری نزار وەکو یەکەمین گۆڤاری سیاسی کوردی کە لە عێراق دەرچووە و ٢٢ ژمارەی لێدەرچووە، هەموو ژمارەکانیم کۆکردەوە و ڕێکم خستووە لە بەرگێکی پتر لە ٦٠٠ لاپەڕەیی قەوارە گەورەدا، کاك صدیق صالح ئەحمەدی برام، بە لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل و پێرستکارییەکان و پەراوێزی بۆ نوسیووە و دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی سەردەم بە تیراژی (٤٠٠) دانە لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵدا بە بۆنەی یادی ١٠٢ ساڵەی ڕۆژنامەی کوردستان

و ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی و ساڵێك تێپەڕبوون بەسەر دەزگاکەی خۆیاندا، خستی‌یە بەردەستی خوێنەران. بە نیازیشە لە ژێر ناوی پڕۆژەی بوژانەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا، ئەم هەنگاوە بکاتە سەرەتایەك و کاری تریشی بەدوادا بێت. کە سەرچاوەی کاری زانستی و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی مێژووی گەلە ستەمدیدەکەمانە و بۆیە بەم شێوەیە وەلامی پرسیارەکەتم دایەوە چونکە لەم پێشەنگایەدا ئەم بەرهەمانەی تێدا نیشاندراوە و لە وەلامەکانی پێشوشمدا وەلامی بەشەکەی تری پرسیارەکەتم داوەتەوە.

پ: ئەمڕۆ ئەگەر لێکۆڵەر و توێژەرەوە یان قوتابی‌یەکی زانکۆ بۆ باسێکی ئەکادیمی لەسەر هەر بابەتیکی پەیوەندی دار بە مێژوو ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی ئەگەر بە دوای سەرچاوەیەکی دێرین و دانسقەی کوردی‌دا بگەڕێت ڕەنگە بە زەحمەت چنگی بکەوێت بە هۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی بەسەر کوردستاندا هاتووە، ئێوە پێشنیار و بۆچوونتان لەم ڕووەوە چی‌یە..؟

ڕەفیق صالح: بە داخێکی گرانەوە بە هۆی هەل و مەرجی نائاسایی کوردستان و دابەش بوون و پارچە پارچەبوونی خاك و نەتەوەکەیەوە، بەسەر چەند ولاتێکی داگیرکەر و زاڵمەوە، بە هەموو شێوەیەك ویستویانە گەلەکەمان قەتڵ و عام بکەن و خەلکەکەی ناهۆشیار و نەخوێندەوار بن و گوێ بە پاراستنی بەلگەنامە و ئەرشیف نەدەن، تەنانەت دەستیان لە ئەدەب و ڕۆشنبیریەکەشی نەپاراستووە، کتێب و بلاوکراوە و گۆڤارو ڕۆژنامەکانیشیان لە ناو بردووە و ئەنفالیان کردووە. بۆ نوسینەوەی مێژووی کۆن و نوێی گەلەکەمان پێویستمان بە ساغکردنەوە و پشت بەستن بە بەلگەنامە و دەستنوسەکانی کە لە شارەکانی ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ و تاران و دیمەشق و بەغدا و موسڵ و شارەکانی تری دەرەوەی کوردستان پارێزراون و ئێمە دەستمان پێیان ناگات. بەشێکی کەمی لەبەر دەستی خۆماندا ماون و زۆریەیان لە ناوچوون و فەوتاون. ساغکردنەوە و لێ توێژینەوە و پاراستن و لەبەر گرتنەوەی ئەو بەلگەنامانە ئەرکێکی نیشتمانی‌یە دەکەوێتە سەر شانی ئەو خوێندەوار و ڕۆشنبیرانەی ئێستا لە دەرەوەی کوردستانن، بەداخەوە هەندێکیان هوشیاری پارێزگاری کردنی بەلگەنامەی کوردیان تێدا نی‌یە و بە چاویلکەیەکی ڕەش و تەسك بینانەوە دەڕواننە هەموو پاشماوەیەکی دێرین و بەلگەنامەیەکی مێژوویی و پاشماوە کۆنینەکان بە کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی لە قەلەم دەدەن. پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە دەزگا و

ڕێکخراوی جۆریەجۆر دابمەزرێت و بە هەرەوەز ڕۆشنبیران ئەو کەرەسە و بەڵگانە ساغ بکەنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی زانستی‌یان لەسەر بکەن.

زۆرجار خەڵکانی ئێمە هەموو شتێکی کۆنینەی ڕەت کردۆتەوە، بەبێ ئەوەی حسابی بۆ گرنگی و بەنرخیانی کردبێت، بوونی ئەم عەقڵی‌یەتە لە ناو ڕۆشنبیراندا، هۆکارێکی کوشندە بووە، بۆ لە ناوچوونی ئەرشیفی کوردی، لە کاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو، چەند هەوڵ دەدەن لە ڕووی زانستی‌یەوە پێش بکەون، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی سەدان ئەرشیفی دانسقە و پێشکەوتوون، کە لە ڕووی مێژوویی‌یەوە هەمیشە دەتوانن پشتی پێ ببەستن. لە ئەرشیفخانەکانیاندا هەموو ئەو دۆکومێنت و بەڵگەنامانە دەپارێزن کە بۆ لێکۆڵینەوەکانیان سودی لێدەبینن و باسی قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ژیان و ڕۆژگاری دێرینی خۆیان دەکات. لەو بڕوایەدام هیچ مێژوویەك بە بێ دۆکومێنت و بەڵگەنامەیەکی ڕاست و دەوڵەمەند نەنوسرێتەوە. هەر گەلێك مێژووی ڕابردووی خۆی دیار نەبێت و نەی نوسیبێتەوە، ناتوانێت لەسەر زەمینەیەکی پتەودا بەرەنگاری دژەکانی خۆی بێتەوە و پارێزگاری لە خۆی بکات.

خۆشبەختانە خەریکە لە ناو گەلەکەماندا، وردە وردە ئەو هۆشیاری پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیف و دۆکومێنت لە ناو نەوەی نوێدا چەکەرە دەکات. بایەخدان و پاراستنی بەڵگەنامەی کوردی، بەستراوە بە ڕادەی هۆشیاری مرۆڤی کورد و هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی تاکی کوردەوە، کە هۆکارێکە بۆ مانەوەی نەتەوایەتی ئەم گەلە. بایەخدان بە بەڵگەنامە لە ئەورووپادا دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتەی بیری نەتەوەیی گەشەی سەند و هەر نەتەوەیەك هەوڵی‌دا، کەلەپور و بەڵگەنامە مێژوویی‌یەکەی خۆی بپارێزێت و لە ڕێگەی دامەزراندن و ئەرشیفخانەی تایبەت بە خۆیان دەست بەکار بوون.

پ: ئەو خوێندکارانەی کە لە بەشی ڕۆژنامەنووسی وەرگیراون، هیوای ئەوەیان لێدەکرێت سبەینێ کاروباری ڕۆژنامەگەری کوردیان بکەوێتە ئەستۆ و وەك کارمەندێکی پسپۆڕ لە بواری کارەکەی خۆیاندا هەڵ بسوڕێن..؟

ڕەفیق صاڵح: پێشەکی حەزدەکەم پێت بڵێم گروپی یەکەمی ئەو خوێندکارانەی کە یەکەمجار لە قوناغی یەکەمدا وەرگیران هەموویان کارمەندی لێهاتووی ڕۆژنامەگەری بوون و لە دامودەگاکانی

ڕاگەیاندن دا کار دەکەن، تەنها بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی شارەزایی پەیدا بکەن لە بوارەکەی خۆیاندا و لە ڕووی بڕوانامەشەوە پسپۆری و تایبەتمەندی وەربگرن و هاتوون ئەم دووساڵە بەشێوەی تیۆریش ڕۆژنامەگەری بخوێنن. ئەگەر ئێمە ئەو هیوایەمان پێیان نەبوایە ڕەنگە بیرمان لە کردنەوەی ئەم بەشە نەکردایەتەوە. بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەم خوێنداکارانەی هاتوون لەم بەشەدا دەخوێنن بە عەشقەوە هاتوون و خۆیان کادری پێشکەوتووی بواری ڕۆژنامەگەرین.

تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا، وەکو بیستومانە و خوێندومانەتەوە کردنەوەی بەشی ڕۆژنامەنوسی، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە و گیروگرفت دەبنەوە. بۆ نمونە لە ئەمەریکاش تا سی ساڵ لەمەو پێش نەی توانیوە لە بواری خوێندنی ڕۆژنامەنووسیدا، لەسەر پێی خۆی خۆی بگرێت و لەسەرەتادا تووشی کێشەی کەم سەرچاوەیی و نەبونی کادر و مامۆستای پسپۆڕ دەبونەوە و تا لە دوایدا توانیویانە بەسەر کێشە و گیروگرفتەکاندا زاڵ بین.

بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەو حەماسەت و هەستکردنە بە ئەرکێکی نەتەوایەتی و نیشتمانی پیرۆز دەزانین کە شانمان داوەتە بەری و وای لێکردووین هەست بە ماندوو بوون نەکەین، هەرچەندە هێشتا بەتەواوی لە کارەکان ڕازی نین و هەست بە کەموکوڕی و نیوەناچڵی دەکەین، لەبەر کەمی بەرنامەی خوێندن و ئەزموون، بەڵام بەو ماوە کەمەی کە ئەم بەشە کراوەتەوە، توانیومانە ئیشێکی زۆر باشی بۆ بکەین و هیواشمان بە هێزە لە داهاتوودا دەرچوانی ئەم بەشە دەتوانن ئەرکی سەرشانی خۆیان بە باشی بگرنە ئەستۆ و کارە ڕۆژنامەگەرییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی زانستیانە و نوێ بەرن بەڕێوە و گەشبینم لە ئایندەدا، ئاستی زانستی بەشەکەمان گەلێك بەرەو پێشتر دەچێت و زاڵ دەبین بەسەر ئەو کۆسپانەی لە گروپی قۆناغی یەکەمدا هاتنە ڕێگەمان و بە هیوای ئایندەیەکی گەشتر.

---

* دەبێت ئەم گروپە ئێستا تەواویان کردبێ.

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە شاری سلێمانی وەك دەزگایەكی ئەكادیمی

لەمێژە كۆمەڵێك بڵاوكراوەی بە پێز و گۆڤارێكی ئەكادیمی تێر و تەسەل دەبینین و نوسینەكانی ناو ئەم گۆڤارە و كتێبە چاپكراوەكانی ئەم دەزگایە، سەرنج ڕاكێشە و جێی تێڕامانن. گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژی تا ئامادەكردنی ئەم گفتوگۆیە (29) ژمارەی لێدەرچووە، هەر لە دوورەوە ناوی بەڕێز كاك (فەرید ئەسەسەرد) مان بیستووە، لە ناوەڕاستی هەفتاكاندا لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ دا ئەم ناوەمان وەك چیرۆكنووسێك بە چیرۆكی (سیسرەكە) بیست، حەزمان كرد لە نزیكەوە بیدوێنین و كەمێك باسی دەزگای سەنتەری لێكۆڵینەوە ستراتیژی و چالاكیەكانی و بڵاوكراوەكانی بكات. مرۆڤێكی هێمن و لە سەرخۆ هات بەپیرمانەوە و بەم پرسیارانە دەستمان پێكرد.

پ: با لیرەوە بە پرسیارێكی شەخسی دەست پێبكەین، سەرەتا فەرید ئەسەسەردمان وەك چیرۆك نوسێك ناسی بە كورتە چیرۆكی سیسرەكە، كە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا بڵاوكرایەوە و پاشان وەك پێشمەرگەیەك لە دەزگاكانی ڕاگەیاند و دوای ڕاپەڕینیش بە دەركردنی گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژی و ئێستاش گۆشەی هەفتانەی (ئاماژە) ی لە كوردستانی نوێدا دەخوێنینەوە، بەم پرسیارە تەقلیدەیە دەپرسین پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت چۆن دەبینن..؟

فەرید ئەسەسەرد: خۆی گرێدان هەیە لە نێوان ئەدەب و سیاسەت دا، بەڵام من سەرکەوتوو نەبووم لەو گرێدانەدا. ڕاستە یەکەم جار من لە ئەدەبەوە دەستم پێکرد، بە چیرۆك و ڕەخنەی ئەدەبی. بەڵام کە چوومە ناو سیاسەتەوە چەند قووڵ دەبوومەوە، هێندە لە ئەدەبەکە دوور دەکەوتمەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر من بکەنە پێوانە، من ئەزموونەکە بە ئەزموونێکی فاشل و سەرنەکەوتوو دەبینم. ڕەنگە هەبن لە سیاسەت و ئەدەبیشدا سەرکەوتوو بووبن وەك مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، لە گرێدانی سیاسەت و ئەدەب بە یەکەوە. بە بڕوای خۆم من سەرکەوتوو نەبووم.

من لە ئەدەبەوە دەستم پێکرد و بە پێوانەی هەندێ برادەر باشیش ڕۆیشتم، بەڵام بەردەوام نەبووم، چەند دەچووشمە ناو سیاسەت لە ئەدەب زیاتر دووردەکەوتمەوە، ئێستە وای لێهاتووە پەیوەندییەکی زۆر کزم لەگەڵ ئەدەب دا هەیە.

پ: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەسەر چ بنچینەیەك و لە کەیەوە دامەزراوە، چۆن بیر لەوەکرایەوە سەنتەرێکی وا دابمەزرێنن..؟

فەرید ئەسەسەرد: ئێمە سەرەتا بیرمان لەوە کردەوە، گۆڤارێکمان هەبێت، بەو ناوەوە، یەکسەر نەدەکرا بە سەنتەرێك دەست پێبکەین، هاتین یەکەم ژمارەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژیمان دەرکرد، ئەو گۆڤارە بۆ بیرۆکەی من و برادەرێکی تر دەگەڕێتەوە، ئێستا ئەو لە ئەڵمانیایە، ناوی (مستەفا ئیبراهیم)ە. لە ساڵی 1991 دا لە دانیشتنێکی دووقۆڵیدا گۆڤاری سەنتەر لە دایك بوو. بیرمان لەوە کردەوە مادەم باروددۆخ بەرەو باشتر دەڕوات و گۆڕانکاری سیاسی لە کوردستان ڕووی داوە، ئێمەش بیر لەوە بکەینەوە شتێکمان هەبێت، کە پێشتر لە ناوەندەسیاسی و فەرهەنگییەکاندا نەبووبێت. بیرمان لەوە کردەوەسەنتەرێکمان هەبێت، سەرەتا خولیای دەرکردنی گۆڤارێك بوو، هێشتا بیرۆکەی سەنتەر گەڵاڵە نەببوو. بەڵام هەر لە یەکەم ژمارەوە لەسەری نووسراوە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی دەریدەکات، خۆی ئەو سەردەمە ناوەندێك نەبوو ناوی سەنتەر بێت، تەنانەت بنکەیەکیشمان نەبوو. ئەوە بوو ژمارە یەك دەرکرا و دوو سێ و چواریشی بە دوادا هات و ڕۆیشتیش... دوایی توانیمان هەندێ بۆچوون و گفتوگۆمان هەبێت لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا. ئەوان گەیشتنە

قەناعەت کە پێویستە سەنتەرێکی وا هەبێت،، ئەوە بوو هەڵبەندێکی سەنتەرمان لە سلێمانی دامەزراند و لقێکی بچوکیشمان لە هەولێر کردەوە، بەڵام بنچینەکە هەر ئەوەکەی سلێمانی بوو.

پ: لای ئێوە دەستەیەکی پسپۆری تایبەتمەند هەن کە هاوکاریتان بکەن و سەرپەرشتی بڵاوکراوەکانتان بکەن، چونکە کۆمەڵێك بڵاوکراوەی جۆربەجۆر و لە زۆر بواری جیا جیای سیاسەتدا لە پرۆژەکانتاندا خۆی دەنوێنێ..؟

فەرید ئەسەسەرد: ئێمە تا ساڵی 1997 تەنها گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیمان دەردەکرد کە ئێستا گەیشتۆتە ژمارە (29) پاشان ویستمان گەشە بە سەنتەر بدەین لە ساڵی 1998 ەوە ئەم بڵاوکراوانەی تریشمان دەرکرد:

+ شوون ترکیة تا ژمار 4 مان دەرکردووە.

+ شوون أوروبیة تا ژمار 2 مان دەرکردووە.

+ شوون اسلامیة تا ژمار 5 مان دەرکردووە.

+ افاق شرق أوسطیة یەك ژمارەی لێدەرچووە.

+ النشرة السیاسة یەك ژمارەی لێدەرچووە.

تا ئێستا پێنج کتێبیشمان چاپ کردووە، دوا کتێبمان جوگرافیای کوردستانە، هەوڵمان داوە هەر یەك لەو بڵاوکراوە و گۆڤارەکانمان یەکێکی پسپۆر سەرپەرشتی بکات، بەڵام بەداخەوە کادری پسپۆرمان کەمە و یەکێك لە گیروگرفتەکانمان ئەوەیە یەك کەس چەند کارێك دەکات و ماندوو دەبێت، دیارە ئەمە کارێکی باش نییە بەڵام ناچارییە.

حاڵی حازر (7) بڵاوکراوەمان هەیە، هەندێکی دەچێتە بازار بۆ فرۆشتن و هەندێکیشی تایبەتە و ناچنە بازار بۆ فرۆشتن. ئەگەر بۆمان کرا لە ڕووی زانستییەوە وا باشترە، هەر بڵاوکراوەیەك یەك کەس یان زیاتر سەرپەرشتی بکات، بەڵام ئێستا سێ چوار بڵاوکراوە یەك کەس سەرپەرشتی دەکات.

پ: ئێوە گرنگیتان داوە بە ئەرشیف و پەیوەندیتان لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان دا چۆنە..؟

فەرید ئەسەسەرد: ئەرشیف کاری ئێمە نییە و گرنگیمان پێ نەداوە، ئێمە گرنگی بە لایەنە مادییەکانی سیاسەت و ڕۆژانەی سیاسەتمان بە هەند وەرگرتووە، لە بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا. کاتی خۆی پەیوەندییەکی پتەومان لەگەڵ زانکۆی صەلاحەدین دا هەبوو. گۆڤارەکەمان گەیشتبووە ئەو ئاستەی ئەوان بەرەسمی لە ڕووی زانستییەوە وەك گۆڤارێکی زانستی ناسیبوویان دانیان پیدانابوو. بەلام پاش کارەساتی 31 یئابی 1996 و پاش ئەوەی سیاسەت تێکەڵاوی بوارەکانی تر بوو، ئەوان زیاتر پارتایەتیان کرد. ئەو دانپیانانەیان لە گۆڤاری لێکۆڵینەوە سەنتەری ستراتیژی سەندەوە و دایان بە لایەنێکی تر بە ناوی سەنتەری برایەتییەوە. ئێمە ئێستا گۆڤارەکەمان لە لایەن زانکۆی صەلاحەدینەوە دانپیانراو نییە وەك گۆڤارێکی زانستی، بەلام لەگەڵ زانکۆی سلێمانی پەیوەندیمان باشە.

پ: پەیوەندی ئێوە کادرە ئەکادیمییەکانی دەرەوەی کوردستان چۆنە..؟

فەرید ئەسەسەرد: ئومێدمان وایە گەشەکردنێکی فراوانتر دروست بێت، ئێستە کادری پسپۆری زانستی کەلێنێکی گەورەی کردۆتە ئێش و کارەکانمان کادرمان کەمە، یەکێك لە پێویستییەکانمان کادری پسپۆڕە، زۆربەیان لە دەرەوەی وولاتن، ئێستە کۆمەڵێك پرۆژەمان بە دەستەوەیە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە شؤون ایرانیـة ەوە هەیە لەبەر بێ کادری ڕامان گرتووە، هەروەها پرۆژەی شؤون عربیة و زۆر کاری تریشمان بە دەستەوەیە، نامانەوێ لەوە زیاتر خۆمان ماندوو بکەین کە نەتوانین ئەنجامی بدەین.

پ: بۆ شارەزابوون کادرتان بۆ دەرەوە ناردووە و پەیوەندیتان لەگەڵ زانکۆکانی دەرووبەر و ئەورووپادا هەیە..؟؟

فەرید ئەسەسەرد: لەبەر دۆخە سیاسییەکە ناتوانرێت ئەو پەیوەندییە زانستییە قوڵ بکرێتەوە، چونکە ئەو کاروبارانە پابەندە بە سیاسەتەوە، لەگەڵ ئێرانییەکاندا وەك گۆڕینەوەی بواری زانستی هەیە. پەیوەندییەکە لەبەر باری سیاسی نابێتە پەیوەندییەکی دەزگایی، تەنها بە پەیوەندییەکی شەخصی ئاسایی ماوەتەوە و پەیوەندیەکانیش لەگەڵ چەند مامۆستایەکی زانکۆکاندایە و هیچی تر. لەگەڵ ئێرانییەکاندا هەوڵ دەدەین وەك پەیوەندییەکی دەزگایی ئێمە لەسەر ئاستی دەزگا و ئەوانیش لەسەر ئاستی دەزگا پەیوەندی زانستی بگۆڕینەوە. پێش 31 یئابی 1996 یش کۆمەڵێك کادرمان ناردە دەرەوە، هەندێکیان گەڕانەوە و هەندێکیان

نەگەڕانەوەو لە ئەورووپا مانەوە. بە نیازین کۆبوونەوەیەك لەگەڵ بەڕێز مام جەلال سازیکەین و یەکێك لەو خاڵانە باس بکەین، کە پێویستە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە ببەستین، چەند گروپێك کادر بنێرین بۆ شارەزابوون لە بوارەکانی زانست دا و دیارە ئەو کەسانەی بۆ ئەو کارە هەڵدەبژێردرێن، دەبێت کەسانی لێکۆڵەر و بیریار و گرنگی دەر بن بە بوارە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی. تا ئەو لێکۆڵیارانە لە ڕووی زانستی و مەنهەجی‌یەوە بنچینەکانی لێکۆڵینەوە فێربن و هەوڵ بدەن لەگەڕانەویاندا ئەو زانیاریانەی وەریان گرتووە لە وولات زانستیانە پەیڕەوی بکەن.

## سەرۆك و كارمەندانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە شاری سلێمانی هاوچەرخانە لە ڕوناکبیری دەدوێن

ویستمان ڕاستەوخۆ شاعیری ناسراوی گەلەكەمان شێركۆ بێكەس ببینین و هەندێ پرسیاری دەربارەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لێ بپرسین، ئەو بیرۆكەی دامەزراندنی ئەم دەزگایەی دركاند و ئێستا سەرۆكی ئەم دەزگایە. لە نزیكەوە سەردانیمان كردوو ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵدا ساز كردوو لە دوایشدا هەندێك لە سەرنوسەرو كارمەندانی دەزگاكەمان دواند و ئەم ڕیپۆرتاژەی لێ دەرچوو.

شێركۆ بێكەس:

پ: چۆن بیرتان لەوە كردەوە، دەزگایەكی بەرفراوانی وەك چاپ و پەخشی سەردەم لە خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیریی كوردیدا بخەنە گەڕ.

شێركۆ بێكەس: ئەبێ لێرەدا بۆ ماوەیەك لەمەوبەر بگەڕێنە دواوە، كە لە سویدەوە، گەڕامەوە و بڕیارم دا بە یەكجاری لە وڵات جێگیر بم، حەزم نەكرد كارێكی حكومی بكەم و بڕیارم دا لەگەڵ كۆمەڵێك نوسەر و ڕۆشنبیری تردا، دەزگایەكی بەم شێوەیە دابمەزرێنین، كە پێك هاتبووین لە حسێن عارف، مەلا بەختیار، ڕەووف بێگەرد، محەمەد موكری، دڵشاد عەبدوڵلا و كەسانی تر.. هتد. وەختێ ئەوە هاتبوو، دام و دەزگایەكی تایبەت بە چاپ و بلاوكردنەوە لە سلێمانیدا بكەوێتە گەڕ، كە مەڵبەندێكی گرنگ و گەورەی ڕۆشنبیرییە و یەكێكە لە مەڵبەندەكانی

## بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە وڵاتی سلێمانی

ڕوناکبیری و ڕۆشنبیری. دیارە دوای ئـەوەی ئێمـە لـە نـاو خۆمـاندا قسـەمان کـرد و جۆرێـك لـە پرۆژەیـەکمان ئامـادەکرد و وامـان بـە بـاش زانـی دەزگاکـەش دەزگایـەکی سـەربەخۆ بێـت و پەیوەندی بە هیچ لایەکەوە نەبێت. بەڵام لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانەوە پشـتگیری مادی بکرێت و کۆمەك بکرێت. بۆ ئەم کارە هاتین جۆرێـك لـە پـەیڕەوی پرۆژەیـەکمان داڕشـت و دوایـی لەگـەڵ ڕاوێژکـاری قـانوونی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران (کـاك مصلـح عـەزین)دا دانیشتین و پاشان پرۆژەکەمان داڕشتەوە و بە ناوی ئەو ئەدیب و ڕۆشنبیرانەوە کە پێشتر ناوم مێنان، پرۆژەکە پێشکەشی سەرۆك وەزیران کـرا، لـە دوای ئـەوەی بڕیـاری لەسـەر درا، بـوو بـە قانونێك و بە شێوەیەکی ڕەسمـی دەرچـوو، تـا ئـەم دەزگایـە دابمـەزرێنین. ئـەوەی زۆر گرنگـە لایـەنی دارایـی و چۆنێتـی دامـەزراندنی دەزگاکـە خۆیـەتی. کـە لـە لایـەن حکومـەتی هـەرێمی کوردستانەوە چ وەك دامەزراندن چ وەك بەخشش (منحە) یەکی سـاڵانەی پـێ بدرێـت و مانگانـە بۆمان تەرخان بکرێت. لە لایەن گەلێك کۆمەڵە و ڕێکخراوەوە شوێنەکەشمان بۆ دابین کرا. ئـەبێ ئەوەش بڵێین ئێمە بە گوێرەی قانوون سەربەخۆین و بۆمان هەیە لە شوێنەکانی تری کوردستان لقی خۆمان بکەینەوە.

پـاش ئـەوەی دەسـتمان بـە کارەکانمـان کـرد، وورده وورده بـەری ڕەنجەکـەمان دەرکـەوت، دەزگاکەمان بە گوێرەی قانوون لـە چـەن بەشێك پێـك هـاتووە، بەشێکی کتێب چاپ کـردن و بەشێکی بڵاوکراوە، چ بە دانان بێت یان وەرگێڕان لە زمانەکانی ترەوە. بەشـەکانیش بریتـین لـە بەشی ئیداری، هونەری، دارایی، ڕۆشنبیری و وەرگێڕان. هەروەها بۆشمان هەیە سمینار و کۆڕ و چالاکی ڕۆشنبیری تر ساز بکەین، بەڵام کەمتر بەو کارانە هەڵئەستین و لە ئێستادا هەر گرنگی بە چاپ و بڵاوکردنەوە ئەدەین. ئەمانە بە دوورو درێژی لە پەیڕەوی دەزگاکەدا باس کراوە.

لە کۆتایی مانگی یانزەی 1998 ەوە دەسـتمان بـە ئیش وکارەکانمـان کـردووە و توانیومانـە جێگەی خۆمان بکەینەوە و جێ پەنجەمان دیار بێت. چوار گۆڤارمان هەیە یـەکێکیان مانگانەیـە بە ناوی (ئاینده) و تایبەتـە بـە دەق جـاران (ئێسـتا) بـوو ناوەکـەی گـۆڕا بـە ئـاینده. گۆڤـاری (سەردەم)یش تایبەتە بە وەرگێڕان، فەلسەفە، ئەدەب، عەولەمە و مەسەلەی ژنـان و دوو مـانگ جارێك دەردەچێت. گۆڤاری سێهەمیشمان وەرزییە و بەناوی (زانستی سەردەم)ەوە گرنگـی بـە بوارە جیاجیاکانی زانسـتی وەك پزیشـکی، فەلـەك و کۆمپیوتـەر دەدات. هـەروەها گۆڤـارێکی

تریشـــمان هەیـــە وەك پاشـــكۆیەكی گۆڤـــاری ئـــاینده تایبەتـــە بـــە شـــیعر و بـــە نـــاوی شیعرستانەوەناوبەناو دەردەچێت. وەك دەزانرێت كورد گرنگیـیـەكی زۆر بـە شـیعر دەدات، خەڵكێكی زۆر لە كوردستاندا شەیدای شیعرە و شیعر لە بوارە ئەدەبییەكانی تر لە ناو خـەڵكدا خۆشەویست ترە. لای ئێمە وایە لەبەر ئەوە ویستمان گۆڤارێكی تایبەت بە شیعر دەربكەین. مەرج نییە لە شیعرستاندا هەر شیعر بڵاوبكرێتەوە، بەڵكو جۆرەها بابەت لە بارەی شیعر و شاعیرانەوە بڵاو دەبێتەوە لەم بڵاوكراوەیەدا گرنگییەكی زۆر بە شاعیرە گەنجەكانی ئەمڕۆ دەدرێت. جگە لـەم گۆڤارانـە ئێمـە بەردەوامین لەسـەر چاپكردنی كتێب و كتێب لـە دەزگـای سەردەم بەو جۆرەیە كە دەستنووس یان كتێبەكە بـە دیسك كـە ئامادەكراوە وەری دەگرین و دەیدەین بە خەبیرێك، لە ناو دەزگاكەدا بێت یان لە دەرەوە، بە مەرجێك ئەو كەسـە پسپۆرێكی تایبەتی ئـەو بوارە بێت كـە نـاوەڕۆكی كتێبەكـەی لەسـەر نوسـراوە. پـاش خوێندنـەوە و هەڵسەنگاندنی پسپۆرەكە بۆ كتێبەكە، دەگەڕێتەوە لامان و لەسەر ڕۆشنایی هەڵسەنگاندنی ئـەو شارەزایە، ئەنجومەنی دەزگای سەردەم بڕیاری لە چاپدانی ئـەدات یـان نـادات. ئێمـە تـا ئێستا نزیكەی 60 كتێبی بوارە جۆربەجۆرەكانی ڕۆشنبیریمان چاپ كردووە.

پ: دەتوانن سەرمایەیەكی وا دابین بكەن بۆ دەزگاكەتان بۆ ئەوەی لەمەودوا پشت بە كۆمەك و یارمەتی حكومەتی هەرێم نەبەستن..؟

شێركۆ بێكەس: ئەوە زۆر گرانە چونكە وەك دەزانین بازاڕی چاپەمەنی كوردی زۆر گرانە و هی ئەوە نییە پشتی پێ ببەسترێت. گۆڤارێك تەنها یەك دانەی نزیكەی 40 دیناری تێ دەچێت، لـە بازاڕ دەدرێت بە 15 دینار بەو ڕێژەیەش كە بۆ كتێبخانەكان دەردەچێت. ئـەو تێچوونـەی كـە دەچێتە چاپەمەنی و بڵاوكراوەیەكی كوردی ئێمـە لـە 10% ی مـان چنـگ دەكەوێتـەوە، چ لـە كتێب چ لە گۆڤار و لە هـەموو حاڵـەتێكدا زۆربـەی زەرەرە. بـەڵام لـە پاشـەڕۆژدا بیرمان لـەوە كردۆتەوە، چاپخانەی خۆمان هەبێت، ئێستا چاپخانەیەكی بچووكمان هەیـە، هـەندێ لـە ئیش و كارەكانمانی پێ ڕادەپەڕێنین. بیرمان لەوە كردۆتـەوە دەزگاكـەمان گـەورەتر بێت و چاپخانـەی باشترمان هەبێت. ئەمڕۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە شاری سلێمانیدا لەگـەڵ كۆمـەڵێك دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی تردا، ڕۆڵێكی باشیان بینیوە وەك وەزارەتـی ڕۆشنبیری، بنكـەی

ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ، چاپەمەنی یەکانی خاك کە گۆڤاری خاك و سیخورمە دەردەکەن. دیارە ئەمانە دەزگا گەورەو دیارەکانن و کۆمەڵێك دەزگای تریش هەن ڕۆڵی هەموویان بەرچاو و دیارە و بزوتنەوەیەکی ڕوناکبیری مەزنیان لە شاری سلێمانیدا بەرپا کردووە.

پ: هەوڵتان داوە لە نێوان خۆتان و ڕۆشنبیران و خوێنەرانی دەرەوەدا پردێك دروست بکەن، بۆ بەیەك گەیشتنی دەنگی هەردوولا...؟

شێرکۆ بێکەس: ئاستەنگی مەسەلەکە بە جۆرێکە، ئەم هەوڵەمان تاڕادەیەك ئەستەمە، بەڵام کاری بۆ کراوە و ن تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بووە، لەبەر ئەوەی پۆستێکی ڕێك و پێك نییە، ئەبێت کەسان بەم کارە هەستن ئەوانیش تووشی گێچەڵ و لێپرسینەوە دەبن. ئێمە هەوڵی زۆرمان داوە و ئێستا کۆمەڵێکی زۆر ئابوونە لە دەرەوە بۆ گۆڤارەکانمان کراوە، بە بەردەوامی هەوڵ دەدەین بۆیان بنێرین، هەرچەندە زۆر جار دواش دەکەێت، بەڵام هەر هەوڵ دراوە تێکڕا چاپکراوەکانمان بنێرینە دەرەوەی کوردستان بە تایبەتی ئەوروپا، ئەگەر پۆست هەبوایە ئەو گیروگرفتانەمان چارەسەر دەبوو.

*ئازاد بەرزنجی:*

پ: ئەم دەزگایە چۆن و کەی و بۆچی دامەزراوە..؟

ئازاد بەرزنجی: نزیکەی ساڵێك و چوار مانگە(1)دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی سەردەم بە مەبەستی برەودان بە ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی کوردی دامەزراوە، بە هەوڵ و کۆششی کۆمەڵێك ئەدیب و نوسەر بە تایبەتی بیرۆکەی ئەم دەزگایە لە کاك شێرکۆ بێکەسەوە بوو، کە لە هەندەرانەوە بەیەکجاری گەڕابۆوە، بە هاوکاری کۆمەڵێك ئەدیب و نوسەر دەزگای سەردەم گەڵاڵە بوو. کارەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بریتین لە دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەتی بە وەرگێڕان بە ناوی (سەردەم) کە خاوەنی ئیمتیاز کاك شێرکۆ بێکەس و سەرنوسەر کاك ڕەووف بێگەرد و بەندەش بەڕێوەبەری نوسینیم. گۆڤاری (ئاییندە)شمان هەیە خاوەنی ئیمتیاز کاك حسێن عارف و کاك دڵشاد عبدوڵڵا سەرنوسەرێتی، گۆڤارێکی زانستیشمان هەیە بە ناوی (زانستی سەردەم)ەوە کاك ئەکرەم قەرەداخی سەرنوسەرێتی، جگە لەم گۆڤارانە کۆمەڵێك

بڵاوکراوەی ناوبەناو و وەرزی ترمان هەن وەك شیعرستان تایبەتە بە شیعر و شاعیران و بایەخ بە تایبەتی بە شاعیرانی لاو دەدات و ووتار و نوسینیشی لەسەر شیعری کوردی و بیانی تێدا بڵاودەکرێتەوە. بڵاوکراوەیەکی تری دەزگای سەردەم بڵاوکراوەی (ڕۆڤار)ە، لە بنچینەدا دەبێت مانگانە دەربچێت، لە شێوەی گۆڤار و ڕۆژنامەدا دەردەچێت، هەر جارەی تێکڕای ژمارەکە تایبەتە بە ژیان و چالاکی و بەرهەمەکانی نوسەرێك یان ووتار و نوسین لە بارەی ئەو نوسەرەوە، ئیتر ئەو نوسەرە کۆچی دوایی کردبێت، یان لە ژیاندا بێت. تا ئێستا پێنج (2) ژمارەی لێدەرچووە، دەشێت ژمارەکانی ئایندەی لەسەر نوسەرە جیهانییەکان دەربچێت. ئەو ژمارانەی تا ئێستا بڵاومان کردۆتەوە لەسەر ئەم نوسەرە بەڕێزانە بوون: محەمەد مەولود (مەم)، ئیبراهیم ئەحمەد(3) لەتیف حامید، دکتۆر کەمال مەزهەر و سوارەی ئێلخانی زادە. سەبارەت بە کتێبەکانی ساڵی پار توانرا زیاتر لە 50 کتێب چاپ بکرێت. دابەش بووە بەسەر کتێبی فکری و ئەدەبی و سیاسی و کتێبی منداڵان دا. ئەمساڵیش بەردەوامین لەسەر هەمان پرۆگرام، تا ئێستا چەندەها کتێبی ترمان چاپ کردووە، بە گشتی ئەمە ئەو کارانەیە کە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ئەنجامی دەدات.

پ: ئێوەلایەنی بیروبۆچوون و ئایدۆلۆجیای نووسەر لێك دەدەنەوە، لە هەڵبژاردنی کتێبێکدا بۆ چاپ کردن، یان گرنگی و ناوەڕۆکی بابەتەکە بڕیار دەدات..؟

ئازاد بەرزنجی: لە ڕاستیدا پێودانگی سەرەکی لە هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبانەی لەم دەزگایەوە بڵاودەکرێنەوەئاستی فکری و داهێنانی ئەدەبی یان زانستی ئەو بەرهەمانە خۆی دەسەپێنێ. هەڵبەتە کتێبێك پێشکەش دەکرێت بە دەزگای سەردەم بۆ چاپ کردن، لیژنەی پسپۆر هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی بەرهەمەکە، ئەو کتێبەیان دەدرێتێ پاشان شارەزا(خبیر)ێك لە لایەن لیژنەکەوە دیاری دەکرێت، تا بە ووردی بەرهەمەکە بخوێنێتەوە و ئاستەکەی دیاری بکات و ڕاو سەرنج و بۆچوونی خۆی پێشکەش بکات و بینێرێتەوە بۆ لیژنەکە بۆ بڕیار لەسەر دان، دوای ئەوەی کەسە پسپۆڕەکە ڕاپۆرتی خۆی دەربارەی کتێبەکە دەدات بە لیژنەکە و ڕووی ئەدەبی و ئاستی داهێنانی کتێبەکە و لایەنی زانستی و زمانەوانی و بەرنامەیی (مەنهەجیەت) و لایەناکانی تری دیاری دەکات. دوای ئەوە بەبێ گوێ دانە ئەوەی ئەو نوسەرە کێیە و چۆن بیردەکاتەوە و

سەر بە چ ئایدۆلۆژیا و لایەن و ڕێبازێکی فکرییە و لە کوێ دەژی لیژنەکە بڕیار لە چاپکردنی کتێبەکە دەدات. تا ئێستا پرۆسەی چاپکردن بەو شێوەیە بەڕێوە چووە.

پ: لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چۆن پۆلێنی بابەتەکان کراوە، لەسەر چ بنچینەیەك..؟

ئازاد بەرزنجی: لە گۆڤارەکانماندا ئەو پۆلێن کردنە ڕەچاو دەکرێت، هەر گۆڤار و بڵاوکراوەیە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە بوارێکدا، بەڵام کتێبەکان هەمووی بەیەك زنجیرە بڵاودەکرێتەوە، چ ئەدەبی و مێژوویی و سیاسی و زانستی و بابەتی ڕەخنەیی و ڕۆمان، ئەمساڵ بە نیازین زنجیرەیەکی منداڵان بخەینە بەرنامەی کارەکانمانەوە.

پ: لە کوێوە باری دارایی دەزگاکەتان دابین دەکرێت..؟

ئازاد بەرزنجی: لە ڕاستی دا بودجەی ساڵانە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دابین دەکرێت، کەمێکیش لە گەڕانەوەی دەستکەوتی فرۆشتنی بڵاوکراوەکانمان، چونکە تێچوونی بەرهەمەکان زیاترە لە نرخی فرۆشتن واتە مایەی تێچوونی دەرناهێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمان داوە شێوە دەست مایەیەك بۆ دەزگاکە دروست بکەین.

*تاهیر ساڵح سەعید*

چووینە لای مامۆستای چیرۆك نووس تاهیر ساڵح سەعید بەڕێوەبەری ئیداری دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم و لێمان پرسی، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، چۆن کاروبارەکانی ڕێکخستووە..؟

تاهیر ساڵح سەعید: ئەم دەزگایە بریتی‌یە لە چەند بەشێك، بەشی ئیداری، ژمێریاری، هونەری (کە پەیوەندیان بە چاپی کتێب و گۆڤارەکانەوە هەیە) و بەشی دابەشکردن بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانە و دارایی دەزگاکە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کۆمەکی بۆ دابین دەکرێت و ساڵانە بڕێکی دیاریکراومان بۆ تەرخان دەکرێت. کتێب و بڵاوکراوەکانمان و موچەی

کارمەندان و کرێی شوێن هەمووی لە ڕێگەی ئەو پارەی کۆمەکەوە دەدرێت، بێگومان دەبێت پلانێکی ساڵانەی ڕێك و پێکی ئەوتۆی بۆ دابڕێژرێت، بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارەکانمان. ئەو بڕە کۆمەکی ساڵانەیەی بۆیان داناوین، دابەشمان کردووە بەسەر 12 مانگ دا، هەر مانگەی بە گوێرەی چالاکی‌یەکانمان دەست بە خەرج کردنی دەکەین، هەر هەموو مانگێك لە کاتی خۆیدا ئەو بڕە پارەیەمان پێ دەگات.

پ: بازاڕی چاپەمەنی کوردی ئەمڕۆ بە لێشاو کتێبخانەکانی سەرقاڵ کردووە، بۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە وەك چیرۆك نوسێك چۆنە..؟

تاهیر سالح سەعید: ئەو کتێبانەی لە دەزگای سەردەم چاپ دەکرێن، بریتین لە کتێبە باشەکان و حەزمان دەکرد، ئەو کتێبانەشی کە ئێستا بڵاودەبنەوە ئاستیان لە ئاستی چاپکراوەکانی لای ئێمەدا بووایە. هەر نوسەرێك بیەوێت کتێبێکی بۆ چاپ بکەین، ئێمە پسپۆری(خبیر) شارەزا و لیژنەی هەڵسەنگاندنمان هەیە، دوای ئەوەی هەر کتێبێك بەو پرۆسانەدا تێپەڕ دەبێت، ئینجا بڕیاری چاپکردنی لێدەدرێت.

پ: بە نیاز نین هیچ پرۆژەیەك لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بۆ منداڵان پێشکەش بکەن..؟

تاهیر سالح سەعید: کاتی خۆی تا ژمارە 10 گۆڤاری (جریوە)مان دەرهێنا کە دوو ڕێکخراوی سویدی سوشیال مەسیحی و پاڵمی یارمەتیان دەداین، ئاگاداریان کردین ئیتر یارمەتیمان نادەن و لە دەرچوون وەستا، بە نیازین لە دەزگای سەردەم گۆڤارێکی منالانی باش دەربکەین و کۆمەڵێك پرۆژەی منالانمان بە دەستەوەیە، نابێ ئەوشم لە بیر بچێت دوای گۆڤاری جریوە لە ڕێکخراوەکانی سەر بە منالان (ئاوارەکان و ئەنفالەکان) گۆڤاری کۆلارەشمان دەرهێنا، داواکاری زۆر لەسەر بڵاوکراوەی منداڵان هەیە، هیوادارین خواستەکانیان بهێنینە دی.

پ: ئەو کارمەندانەی لێرە کار دەکەن چۆن دیاری دەکرێن و چۆن لێرە جێگەی خۆیان گرتووە..؟

**تاهیر سالح سەعید:** ئێمە زیاتر بە دوای کادری باش و بە توانا و لێوەشاوەدا، دەگەڕێن، ژمارەی کارمەندەکانمان دەچێتە 60 کارمەندێك. دەزگاکەمان پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری پێشکەوتووە، گرنگی بە چاپ و پەخشی ئەو بەرهەمانە دەدات، کە ئەمڕۆ سوود بە کۆمەڵگای کوردەواری دەگەیەنێت، ئیتر ئەو بەرهەمانە لێرە بن یان لە ئەوروپاوە بۆمان بێتەوە، بە دوایدا دەگەڕێن، ئەو بەرهەمانە بڵاودەکەینەوە کە شایستە بێت و لە ئاستی خواستی خوێنەراندا بێت، دەتوانم بڵێم زۆربەی ئەو کتێبانەی لەم دەزگایەوە چاپ کراون لە دەرەوە بۆمان هاتووە، بە بەردەوامیش هەوڵمان داوە چاپەمەنییەکانمان بە ڕێگەی کەسی و تایبەتی بگەیەنین بە خوێنەرانمان لە هەندەران.

سەبارەت بە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، پێك دێن لە سەرنووسەری گۆڤارەکانی دەزگا، بەشەکانی تریش پێك دێن لە بەڕێوەبەرەکانی نوسین، ئیدارە، کاروباری دارایی وحسابات کاك روشدی عەزیز بەرپرسیارێتی، بەشی دانان و وەرگێڕانیش لە بەشی ئیداری و مۆنتاژ پێك دێت.

*ڕەووف بێگەرد:*

بەخێر بێن بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، وەك دەزانن ئەم دەزگایە زیاتر بایەخ بە چاپکردنی کتێب و ئەو چەند گۆڤارە دەدات، کە بڵاویان دەکاتەوە، سەردەم زیاتر دەزگایەکی بڵاوکردنەوەیە و گرنگی دەدات بە بابەتی فیکری و مێژوویی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، وەك برادەرانی تریش باسیان لێوە کرد. سێ گۆڤاری سەرەکیمان هەیە، هەروەها دوو گۆڤاری تریشمان هەیە، یەکێکیان بە ناوی ڕۆڤار و لە نێوان ڕۆژنامە و گۆڤاردا، هەر جارەی تێکڕای ژمارەکە لە بارەی کەسێتییەکی داهێنەری ڕۆشنبیر و ئەدیبیکوردەوەیە، سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی. پاشکۆیەکی گۆڤاری ئایندەشمان هەیە ناویەناو دەردەچێت بە ناوی (شیعرستان)ەوە. جگە لەم گۆڤار و بڵاوکراوانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم گرنگی پێدەدات، ئەوەی لە ماوەی ئەمساڵدا، بڵاوی کردۆتەوە، چەندەها کتێبی بە نرخ بوون و لە بازاڕی چاپەمەنی کوردیدا ڕەواجێکی باشی هەبووە. ئەو پسپۆڕانەی لە دەزگای سەردەم کار

دەکەن زیاتر چیرۆك نووس و شاعیرن، بەلام گرنگی پێدان بە کتێب لە بواری زانست و فەرهەنگی و لێکۆڵینەوەدا زیاتر بووە.

پ: ئێوە پلانێکی ساڵانەتان هەبووە، بۆ دارشتن و نەخشەکێشانی کارەکانتان تا پەیرەوی بکەن..؟

رووف بێگەرد: بێگومان ئێمە لەسەر نەخشە و پلانێکی دارێژراو کارمان کردووە و هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەزگای سەردەمەوە، پلانێکمان هەبووە، لە ماوەی ساڵێکدا ئەوەندە کتێب گۆڤاری بەنرخمان چاپکردووە، جێگای شیاوی خۆیان گرتووە، بۆ ئەم ساڵ دامانناوە (75) کتێبی جوان تر و چاك تر و بە بایەخ تر بڵاو بکەینەوە. هەروەها لە رووی تەکنیك و ناوەرۆکیشەوە بڕیارمان داوە بەرهەمەکانی ئەمساڵمان بە برشت تر بن. من خۆم بە پرسیاری یەکەمی چاپکردنی کتێبەکانم، کتێبی زۆر چاکمان بە دەستەوەیە، وەك یاداشت کتێب لە بواری ئەدەبی و دەروونناسی، شیعر و لایەنە زانستی‌یەکانی تر.

پ: جەنابت وەك چیرۆکنوسێکی دیاری کورد، دەزگای سەردەم خواستە ئەدەبیەکانی ئێوەی هێناوەتە دی..؟

رووف بێگەرد: خواستە ئەدەبیەکانم نەخێر، خواستەکانی من زۆر لەوە زیاترە، زۆر پەرۆش ترم، وەنەبێ خواستەکانم تەنیا ئەوەندە بێت کە جێبەجێ کراوە. من خۆم یەکێکم لەو نوسەرانەی زۆر بە دوای ئەدەبی بێگانەدا دەگەڕێم. بە تایبەتی چیرۆك و رۆمان. ئەوەی تا ئێستا لە دەزگاکەمانەوە کراوە، لە چاو ئەو ئاستەدا نییە، کە دەبێت هەبێت. لە رووی دامێنانەوە من پەرۆشیم و دەمەوێ ئاستەکە بەرزتر بێت، لە بارەی چۆنێتی و ژمارەیشەوە هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی پێویست. بۆ ئەوانەش لە هەوڵدان داین دەبێت باشتر و بە بایەخ تر و بە ژمارە باشتر بڵاوبکرێتەوە. رەنگە هۆیەك هەبێت بۆچی ئەمە وایە. بە داخەوە ئەو بارە سیاسی‌یەی لە کوردستان دا هەیە، ئەوەی هەرێم بووە بە دوو بەشەوە و دوو حکومەت بووە بە دیوارێك لە نێوان هەولێر و دهۆك و سلێمانی‌دا. بە لاتانەوە سەیر نەبێت ئەو کتێبانەی یان ئەو بەرهەمانەی لە گۆڤارەکانماندا بلاودەبێتەوە، هەمووی بەرهەمی ئەدیبانی سلێمانی یان

هەندەرانن، چەند دانەیەك نەبێت بەرهەمی هەولێرە بەرهەمی دهۆكی هەر تێ نەكەوتووە،. ئێمە ئەم هۆیە دەگێڕینەوە بۆ لایەنە سیاسی‌یەكەمان. لە گۆڤارێكی وەك سەردەم دا 90% بەرهەمی نوسەرانی سلێمانی‌یە، بە دەگمەن بەرهەمی نوسەرانی ئەو لای تێدەكەوێ. بێگومان لێرەدا مەترسی‌یەكی نەتەوەیی لەم دابەشكردن و دوورەپەرێزی‌یەدا، بەدی دەكرێت. مەرج نی‌یە هەرچی سیاسەت بڕیاری دا جێبەجێ بكرێت. بە لای منەوە ئەدیب و نوسەر و بیریار، لەسەروو بڕیارە سیاسی‌یەكانەوەیە و دەبێ تەجاوزی ئەو سیاسەتە بكەن و ئەوە نەبێتە دیوارێك و داهێنانە ئەدەبیەكان لە هەردولادا بكوژێت.

پ: ئێوە لای خۆتانەوە هەنگاوێكتان ناوە، ئەو دیوارە بڕوخێنن و تەجاوزی ئەو بڕیارە سیاسیانە بكەن و هەنگاوێتان بۆ نزیك بوونەوە لە ئەدیبان و نوسەرانی هەولێر و دهۆك ناوە..؟

ڕووف بێگەرد: من كە لە سەرەتادا بووم بە سەرنووسەری گۆڤاری سەردەم، نامەم بۆ هەموو ئەو ئەدیب و نوسەرانەی هەولێر و دهۆك نارد، بەڵام بەداخەوە ئەو بەدەنگەوە هاتنە نەبوو، ڕەنگە لەوە سڵیان كردبێتەوە، تووشی گێچەڵ و لێ پرسینەوە بن، بە داخەوە زۆر بەكەمی ئەو هاوكاری و تەجاوزكردنە هاتۆتە دی.

پ: ڕەنگە ئێوە خۆتان دەست پێشكەری بكەن و بەرهەمەكانتان لە بڵاوكراوەكانی ئەوێدا بڵاوبكەنەوە و بەردەوام نامە و بەرهەمیان بۆ بنێرن، وردە وردە ئەو تەوقە بشكێنن..؟

ڕووف بێگەرد: گۆڤارەكانی كە لە هەولێر دەردەچن پڕن لە بەرهەمی ئەدیبانی سلێمانی، با ئەوانیش موبادەری وا بنوێنن، سەبارەت بە خۆشم ئەوە ڕاستە بەڵام بە سروشتی حاڵ من خۆم ئێستا بەرهەمم زۆر كەمە، ئیش كردنیشم لە دەزگای سەردەم و

لە گۆڤاری سەردەمیشدا کاتێکی زۆرم دەبات، ئێستا خەریکی وەرگێڕانی ڕۆمانێکی (زۆربا)م و کاتەکانی تریش تەنها تەرخان کراوە بۆ ئەو مادانەی بۆ گۆڤاری سەردەم دێن، کە هەمووی وەرگێڕانە لە عەرەبی و فارسییەوە یان لە زمانەکانی ترەوە، دەبێت بەراورد بکرێنەوە لێیان بکۆڵدرێتەوە. ئەگینا من خۆم زۆرم پێ خۆشە هاوکاری بڵاوکراوەکانی ئەولا بکەم.

---

*1 – کاتی گفتوگوکە بەهاری 2000 ە.*

*2 ، 3 – ئێستا دوا ژمارەی ڕۆژگارگەیشتۆتە ژمارە (9) کە لەسەر مامۆستای چیرۆکنووس( موحەڕەم محەمەد ئەمین)ە. بە داخەوە هەموو ئەم ژمارانەی ڕۆژگار و کۆمەڵێك گۆڤار و ڕۆژنامەی ترم لەگەڵ خۆم هێنا بوو.*

*ڕۆژی 3/ 5/ 2000 لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل و لە دوا خاڵی پشکنینی ئاسایشی ئەو دەڤەرەدا، پاش دواخستنێکی سێ سەعاتی و پرسیار و بێزارکردنێکی زۆر ئەو برادەرانە منیان منەتبار کرد بەوەی یەکێك لەو ژمارانەی ڕۆژگار لەسەر مامۆستای ئەمر برایم ئەحمەدە و ئەویش کە تازە کۆچی دوایی کردبوو، گوایە ئەندامی پەرلەمانی نەتەوەیی کوردستانە، لە لای تورکەکان ئاپەڕێتەوە. گوایە لەبەر خاتری من هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەیان گل دایەوە و ووتیان دەتوانی یەکێکی بۆ بنێریت لە سلێمانییەوە تا بۆت ڕەوانە بکەینەوە بۆ ئەوێ، نەك تۆ تووشی گێچەڵ بیت لەگەڵ خاڵی پشکنینی تورکەکاندا، ماڵیان ئاوا بێ بە حسابی خۆیان، پیاوەتیان لەگەڵ کردم. من تا ئێستا بڵاوکراوانەم، نەبینیوەتەوە.*

*تێبینی: بڵاوکراوەکان هەمەجۆر بوون و هی هەموو حیزبەکانی کوردستانی تێدا بوو بە برایەتی و خەبات و چاپەمەنییەکانی دەزگای سەردەم، بە ڕۆژنامەی تورکمانەکانیشەوە، خوا هەڵناگرێ کوردستانی نوێیەکانی زیاتر بوون.*



ژمارەی سپاردن: (٥٢)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە